# ئازادی و مافی چارەی خۆنووسین لە روانگەی ئایینی ئیسلامەوە


مرۆڤەکان بە ئازادی لە دایك دەبن و پێویستە بە ئازادیش بژین. ئەمە راستییەکە هەموو یاسا و رێسا ئاسمانی و زەمینییەکان دانیان پێدا ناوەو گشت رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ و مافەکانی گەلان جەختی لەسەر دەکەنەوە، تەنانەت جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و جاڕنامەی ئیسلامی مافەکانی مرۆڤیش تۆماریان کردووەو کاری لەسەر دەکەن.

ئازادی گرنگترین ماف و گەورەترین زەروورەت و پێویستییە بۆ مرۆڤ لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا. لە کەشوهەوایەکی دوور لە ئازادی ئەستەمە وڵاتان و میللەتان بتوانن بە کامەرانی بژین و لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا گەشە بکەن و پێش بکەون. تەنانەت هزرو بیری مەعریفی و باوەڕو پەرستشەکانیش لە کەشوهەوایەکی پاکی ئازادیدا گەشەدەکەن و لە واقعیشدا کاریان پێدەکرێت. باوەڕداری و دینداری بێ ئازادی هیچ ماناو سوودێکیان نییە، هەربۆیە ئازادی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا پێگە و بنەمایەکی سەرەکی و گرینگی هەیە.

کاتێك خوای گەورە مرۆڤ وەك بەرزترین و بەڕێزترین بوونەوەر وێنا دەکا لە قورئانی پیرۆزدا، ئەگەر ئازادیی مرۆڤەکان بەشێك نەبێت لەم رێزلێنانە، هیچ بەهایەکی نییە، لەبەرئەوە بێگومان بەشی هەرە گرینگی ئەم رێزلێنانەی مرۆڤ ئازادییەکەیەتی، چونکە مرۆڤ لەهەمان کاتیشدا ئەرکی جێنشینی پێ سپێردراوە لە زەویدا، بۆ ئاوەدانکردنەوە و بەرەوپێشبردنی ژیان و بەجێگەیاندنی پەیامی چاکسازی و پاکسازی و مرۆڤدۆستی، کە مەحاڵە ئەم ئەرکە گەورە و پیرۆزە بێ پێدانی ئازادی بە مرۆڤ ئەنجام بدرێ.

ئازادیی تاك و کۆمەڵگە لە روانگەی ئیسلامەوە نەك تەنیا مافێکی رەهای مرۆڤە کە بە ویستی خۆی بیەوێت، یا سستی لێبکات، بەڵکو پێویستییەکی ژیانی مرۆڤە و فەرزکراوێکی خوداییەو داواکاری و تەکلیفێکی شەرعییشە، ئەوەتا ئەگەر لە راڤەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز رابمێنین و وردببینەوە، هاوکێشەیەکی سەیر دەبینین، ئەویش ئازادی یەکسانە بە ژیان، کۆیلەییش یەکسانە بە مردن.

لەباسی کوشتنی هەڵە و ئانقەست (القتل الخطأ)دا، قورئان باس لە قەرەبووکردنەوەو کفارەت دەکات، کە بەشێکی بریتییە لە ئازادکردنی کۆیلەیەك. خوای گەورە دەفەرموێت: : (وَمَنْ قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَأً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ إِلَّا أَنْ يَصَّدَّقُوا ...) سورەتی- النساء- ئایەتی:٩٢. کاتێك بکوژەکە مرۆڤێك دەکوژێت و لە بازنەی ژیان دەریدەکات و دەیخاتە بازنەی مردن، وەك قەرەبووکردنەوەی تاوانەکە پێویستە کەسێك لە بازنەی مردن دەربکات و بیخاتە ناو بازنەی ژیانەوە، ئەویش بە ئازادکردنی کۆیلەیەك، چونکە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، کۆیلەیی بە مانای مردن دێت و کەسی کۆیلە مردوویەکی حوکمییە، بۆیە



**د. بەشیرخەلیل حەداد**
**پسپۆڕ لە هزری ئیسلامی**


**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

کاتێك ئازاد دەکرێت وەك ئەوە وایە کە ژیانی بۆ گەڕابێتەوە. لەلایەکی تریشەوە مەسەلەی ئازادی لە ئیسلامدا تەنیا لەچوارچێوەی هزری و بیردۆزەیی نەماوەتەوە، بەڵکو لە واقیعی کردەییدا بە شێوەیەکی پراکتیکی بەرجەستە بووە، کە شۆڕشێکی چاکسازی و ئازادی بەرپاکردووە بۆ ئازادکردنی مرۆڤەکان لە هەموو جۆرە ژێردەستی و کۆیلەیەتییەك، نەك تەنیا بۆ کاتێك، یا قۆناغێکی دیاری مرۆڤایەتی، بەڵکو ستراتیژێکی سەرەکی و بەردەوامە بە درێژایی ژیان و پەیامی سەرەکیی گشت پەیامبەران و چاکسازانیش بریتی بووە لە ئازادکردنی مرۆڤەکان و هاندانیان بۆ رزگارکردنی خۆیان و گەلەکەیان، ئەمە گەورەترین ئەرکی مرۆڤەکانە بۆ لابردنی ستەم و فشار لەسەر هزروبیرو ژیانیان.

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە هەروەك ئازادی پێویستی و فەریزەیە بۆ تاك، بە هەمان شێوە بۆ میللەتان و کۆمەڵگەکان زەروورو فەرزن و هەمان تەکلیفی شەرعی دەیانگرێتەوە بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و مومارەسەکردنی ئەو مافانەی کە خوای گەورە پێی داون، ئەویش مافی چارەی خۆنووسینە. میللەتی ئێمەش لە هەرێمی کوردستان بەرەو هەنگاوی یەکەم دەڕوات بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی کە ئەویش ئەنجامدانی گشتپرسییە بۆ وەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین، ئەمەش هەل و فورسەتێکە هاتۆتەپێش و پێویستە لەدەستی نەدەین، چونکە لە مێژوودا چەندین هەلی ئاوا لەدەست چوون، بە هۆی پیلانی ناحەزان، یا رێگریی زلهێزەکان، یا بە هۆی ناکۆکی و ناتەبایی و ململانێی ناوخۆیی.

پێویستە بزانین کە ئەم مەسەلەیە زیاتر مەسەلەیەکی سیاسی و یاساییەو هیچ کێشەیەکی ئایینی نییەو ئایین بە هیچ شێوەیەك نەك رێگر نییە، بەڵکو کارکردن و هەوڵدان بۆ ئازادی و وەدەستهێنانی مافی چارە خۆنووسین بە فەرز و بە تەکلیفێکی شەرعی دەزانێت، چونکە ئازادی یەکسانە بە ژیان. بەمشێوەیە بۆمان روون دەبێتەوە کە ئازادی خۆرێکە پێویستە لەناخی هەموو کەسێکدا هەڵبێت و واقیعی هەموو گەلێك رووناك بکاتەوە. هەروەها ئازادی نیعمەتێك و بەخششێکی خواییە کە بە هۆیەوە هەست بە تامی هەموو نیعمەتەکانی تر و بەخششەکانی دەکەین. هەروەك وتراوە: (ئازادی بە قیمەتترین و گەورەترین شتە لە ژیاندا، هەربۆیە نرخەکەشی گەورە و قورسە). بەڵێ نرخی وەدەستهێنانی ئازادی قوربانیدانە بە سەروماڵ، هەوڵدان و خەبات و ماندووبوونی زۆری دەوێ، هەرگیز نابێ چاوەڕوان بین ئەو مافەکان پێ بدرێت، بەڵکو پێویستە بسەندرێ. هەروەك بێکەسی شاعیر دەڵێت: -

**داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەت بەرناگری**
**سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەرناگرێ**
**پیاو ئەبێ بۆسەندنی حەققی لەمردن سڵ نەکا**
**هەر (بڕووخێ) بەس نییە، تاکو نەسەنرێ نادرێ**



# خوێندنەوەیەکی ئەرکیۆلۆژییانە

# پارتی وەک (حزب) یان رەشماڵێکی گەورەی بیری نەتەوەیی





**پارتی وەك**
**چەمکێکی بیستراو، نەك نووسراو**

هەتا ئەمڕۆ ٧١ ساڵ بە سەر تەمەنی پارتی دیموکراتی کوردستان تێدەپەڕێت، ئەم مێژووە دووردرێژە بۆتە مێژووی ئەو چەمکەی کە پێی دەگوترێت: «پارتی»، بەڵام چەمکێکی گوتراو و بیستراو، هەر بۆیە کاتێك دەگوترێت «پارتی» و ئەم چەمکە دەبیسترێت، وێنایەك لەناخماندا دروست دەبێت کە پارتی تەنیا بریتی نییە لە حزبێك، یان ئایدیۆلۆژیەتێکی دیاریکراو، بەڵکو «پارتی» وەك چەمکێك، بە گەڕانەوە بۆ مێژووەکەی، بۆ ئەم بۆچوون و بیرکردنەوانەی بە درێژایی ئەم مێژووە لەسەری کەڵەکە بوون، بە راڤەکردنی ئەم چەمکە لەناو فەزای تایبەتی خۆی، بە وەرچەرخان و تۆڕێك لە بۆچوونی جیاواز و تا

**«تایبەتمەندیی سەرەکیی بیرمەند، پێش هەموو شت ئەوەیە کە توانای ئەوەی هەبێت ببێتە پێشڕەو و ڕێبەر، دەبێت پێشڕەوی و ڕێبەرایەتییەکەی بە ڕێگەی ژیانی ڕۆژانەیی بە خەڵک بسەلمێنێت، نەک لە ڕێگەی کتێب و نووسراوەکانیەوە، ئەمەش مەبەست لێی ئەوەیە بە هەمان ئەو شێوازەی فەیلەسووفەکانی یۆنان لەسەری پەروەردە کراون ئەویش پەروەردە کرابێت، ڕاشکاوانەتر دەبێت بیرمەندیی پێشڕەو بە ڕێگەی سیما و ڕووخسار و دەستە و جلوبەرگ و شێوازی خۆراک و نەریتەکانی بناسرێتەوە، نەک بە ڕێگەی ئەوەی ئەو چی دەڵێت، یان چی نووسیوە.»**

***

**نیچە.. ئەم پەرەگرافە لە کتێبی (فەلسەفە هونەری ژیان)ی عەبدولسەلام بنعەبدعالی وەرگیراوە.**



ئاستێك تەمومژاوی دەناسرێتەوە.

ئەم خەسڵەت و تایبەتمەندییانەی لەسەر پارتی وەك (چەمك) دروست دەبن، تێگەیشتنی تەواو لێی، کارێکی ئاسان نابێت، نیچە گوتەنی، دەبێت بۆ تێگەیشتنی تەواو لە چەمکەکان خوێندنەوە بگاتە ئاستی هونەرێك لە هونەرەکان، دەبێت مرۆڤ پێش هەموو شت خاوەنی ئەو توانایە بێت کە هەموو ئەو بۆچوونانەی ئەمڕۆ چوونەتە خانەی لەبیرچوونەوە، جارێکی دیکە بەبیریان بێنێتەوە، دەبێت مرۆڤ ئەو توانایەی هەبێت گاسن بەدوای خۆیدا ڕابکێشێت و ناودێرەکان بکێڵێت و مانا شاراوەکانی چەمکەکە ئاشکرا بکات.

ئەگەر بیرمەندێکی وەك نیچە بەم ئاستە هەستی بە قورسی و گرانیی خوێندنەوە و تەفسیر و لێکدانەوەی چەمکەکان کردبێت،

**پێش ئەوەی مستەفا بارزانی بیر لە دامەزراندنی پارتی بکاتەوە وەک رەشماڵێک بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم بیروبۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان و سەرجەم چین و توێژەکان و نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، فەزای بیرکردنەوەی هەموو ئەو جیاوازییانەی کۆکردۆتەوە، ئەو فەزا فراوانەی بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی بەرهەمی ئەو پەروەردەیە بووە کە رێبازی سەرکردەکانی پێش خۆی لە شێخ عوبیدوڵای نەهرییەوە تا دەگاتە شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ ئەحمەدی بارزانی وەک قوتابخانەیەک فێریان کردووە**

ئەمە مانای ئەوەیە ئەو هەستی بە مەترسیی مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکەکان کردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو مانایەی چەمك وەك هێما پیشانمانی دەدات، لەگەڵ ئەو مانایانەی دەیشارێتەوە، یان پەردەپۆشی دەکات، مەودایەك لە نێوانیان هەیە، ئەو مەودایەش بوار بۆ تێگەیشتن و تەفسیر و لێکدانەوە دروست دەکات و دەبێتە فاکتەری ئەوەی خوێندنەوە بکاتە هونەرێك لە هونەرەکان بۆ ئەوەی هەوڵەکانی بەو ئاراستەیە بێت، بەشێك لەو مانا و لێکدانەوە شاراوانە بخاتەڕوو کە چەمك لەناو خودی خۆیدا دەیشارێتەوە.

بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو (چەمك)ـانەی وەك هێما ئاماژە بۆ شتێك دەکەن و لەناو خودی خۆشیدا کۆمەڵێك مانا و لێکدانەوەی دیکە پەردەپۆش دەکات، میشێل فۆکۆ لە ئەرکیولۆژیای مەعریفەدا، رێنمایی ئەوەمان دەکات، دەبێت خوێندنەوەیەکی ئەبستمۆلۆژییانەی بۆ بکەین، ئەمەش واتە هەڵکۆڵین لە چوارچێوەی (سیستمێکی مەعریفیدا) بۆ ئەوەی لەناو مێژووی ئەو چەمکەدا تەواوی ئەو پەیوەندییانە پێکەوە گرێ بدەینەوە کە ئەو چەمکە پێکەوە گرێیان دەداتەوە، لەم راستەوە ئەم جۆرە خوێندنەوەیە، جۆرێکی دیاریکراوی مەعریفە، یان میتۆدێك نییە کە زانستێك لە زانستەکانی تێپەڕاندبێت، بەڵکو ئاشکراکردنی تەواوی ئەو پەیوەندییانەیە کە لەسەردەمێکی مێژووی دیاریکراودا دروست بوون و، لەسەر شێوازی رێکخستن، یان دروستکردنی گوتارێك شرۆڤەی لەسەر دەکەین.

کەواتە کاتێك دەگەڕێنەوە بۆ چەمکی (پارتی)، دەبێت ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئەم پێنج پیتە کە پێکەوە دەبنە ناوی (پارتی)، ئایا دەکرێت بەبێ شرۆڤەکردنی وەك بابەتێکی رۆشنبیری و تەفسیرکردنی بە شێوەیەکی مەنهەجی، بە تەواوی بەو مانایانە ئاشنامان بکات کە دەیبیستین، یان پێویستە ئەم پێنج پیتە جارێکی دیکە بخرێتەوە ناو سەروەریی مێژووی بۆ ئەوەی هەموو رەهەندە جیاوازەکانی دەربکەوێتەوە؟ ئەمەش بەو مانایەی بەم رێگەیە چەمك کاراکتەری سەرەکیی خۆی لە مێژوودا هەڵدەکۆڵێت و لەسەر ئەو مێژووە دەمێنێتەوە، بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئایا ئەم چەمکە (پارتی) وەك زەوییەکی ئۆرگانی هەموو شتێکی تێدا شین دەبێت، یان تەنیا ئەو گوتارەی تێدا بەرهەم دێت کە لەگەڵ گوتار و بۆچوونەکانی دیکە رووبەڕوو نەبێتەوە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لەو مانایانەی چەمکی (پارتی) دروستی دەکەن، بریتی دەبێت لەوەی چۆن ئەو سەردەم و مێژووە دیاری دەکەین کە پێداویستیی نەتەوە لە لاشعورەوە، دامەزراندنی پارتی کردۆتە شێوازێك لە ئومێد بۆ ئامانجی نەتەوەکەی.

مسعود بارزانی کە ئێستا رێبەرایەتی نەتەوە دەکات و بە کردەیی هەوڵ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەدات، بەو جۆرە پێناسەی پارتی کردووە کە دەڵێت: «پارتی نائومێدی گۆڕی بۆ ئومێد.» ئەم پێناسەیە لە ناوەڕۆکدا پێمان دەڵێت: چەمکی پارتی لە مانای حزبێکی سیاسی گەورەترە و ئامانجی بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی لە دامەزراندنی پارتی تەنیا دامەزراندنی حزبێکی تەقلیدی هاوشێوەی ئەو حزبانە نەبووە کە لەو سەردەمەدا بوونی هەبووە، بەڵکو ئامانجەکەی ئەوە بووە کە رایەڵەیەك دروست بکات بۆ ئەوەی تەواوی ئەو حزبانەی لەو سەردەمە هەبوون و ناسنامەیان کوردستانی بووە، لەگەڵ تەواوی سەرۆك هۆز و کەسایەتی و ناوداران و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لەژێر یەك رەشماڵدا کۆبکاتەوە، بە ناوی پارتێکی تازە کە پارتی دیموکراتی کوردستانە.

کەواتە پارتی بۆتە ناوێك بۆ دیاردەیەکی مێژوویی، نەك دامەزراندنی حزبێکی تەقلیدی، هەروەها بۆتە ناوێك بۆ وەرچەرخانێك کە پێشتر ئەو وەرچەرخانە بوونی نەبووە. پارتی بۆتە سەردەمێکی دیاریکراو بۆ وەرچەرخان، بۆتە تۆڕێك لە بۆچوونی جیاواز و مانایەکی فرەڕەهەند، هەر بۆیە ئەگەر لەناو فەزای بیرکردنەوەی نەتەوەیدا مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت، ماناکەی وەك خۆی دەرناکەوێت.

ئەگەر لەسەر ئەم میتۆدەوە بگەڕێینەوە بۆ ناو فیکر و بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی

**مستەفا بارزانی بیری لەوە کردۆتەوە چۆن پەرتەوازەیی بگۆڕێت بۆ یەکگرتوویی، چۆن ناوچەگەری بگۆڕێت بۆ کوردستانیبوون، چۆن جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی بگۆڕێت بۆ هاونیشتمانیبوون، چۆن ئەم سێ فاکتەرە دەگۆڕێت بۆ سێ کۆڵەگەی گرنگ بۆ رزگاربوونی هاووڵاتیانی کوردستان لە کۆیلەیەتی و ژێردەستەیی**

کە پارتی دامەزراند، ئەوا ئەو ڕاستییانە دەردەکەون کە بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی بۆ دامەزراندنی پارتی تەواو جیاوازە لە بیرکردنەوە تەقلیدییەکانی ئەو سەردەمە بۆ دامەزراندنی حزبی سیاسی، لەمەش زیاتر چەمکی پارتی لە فیکری مستەفا بارزانی-دا، ئامرازێك بووە بۆ یەکخستنی هەموو تواناکانی نەتەوە، دروستکردنی فەزایەك بووە بۆ ئەوەی تاکەکانی نەتەوە بە ئازادی بیربکەنەوە، مۆدێلێکی جیاواز بووە بۆ شێوازی خەبات و مقاوەمەت لەسەر بنەمای یەکڕیزی و یەکدەنگی، نەك دامەزراندنی حزبێکی سیاسی تەقلیدی بووبێت بۆ نوێنەرایەتیکردنی چین و توێژێکی جیاوازی کۆمەڵگە، یان ئایین و ئایدیۆلۆژیەتێکی دیاریکراو، بەڵکو دامەزراندنی پارتی بۆ ئەوە بووە کوردستانییەکان بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە ببنە خاوەنی یەك ناسنامە کە ئەویش ناسنامەی کوردستانیبوونە، هەربۆیە ئەگەر وەك دیاردەیەکی مێژوویی خوێندنەوەیەکی مەنهەجییانە بۆ چەمکی پارتی بکەین، ئەوا لەناو سەروەریی ئەو مێژووەدا نەبێت، هەموو ڕەهەندەکانی ماناکانی پارتی دەرناکەون و لەوە تێناگەین بۆچی پارتی بۆتە ناوێك بۆ دیاردەیەکی مێژوویی، ناسینەوەی قۆناخێکی خەباتی نەتەوە، تۆڕێك لە بۆچوونی جیاواز. هەندیك جار ئەم بۆچوونانە دژ و یەکتربڕیش دەبن، وەرچەرخانێك کە دوو سەردەمی جیاواز (سەردەمی پێش دامەزراندن و دوای دامەزراندنی) پارتی لە یەکتری جیادەکاتەوەو، سەرەتای نائومێدی دەڕەوێنێتەوەو نەتەوە بە ئومێدەوە بەرەو خەبات و ئایندەیەکی گەش هەنگاو هەڵدەگرێت.

ڕاشکاوانەتر ئەگەر ڕاستگۆیانە لەناو مێژووی زیاتر لە ٧٠ ساڵی خەبات و قوربانیدانی نەتەوەکەماندا، گوێ بۆ ماناکانی پارتی بگرین کە وەك چەمکێك بەر گوێمان دەکەوێت، ئەوا وێنایەك لە ناخماندا دروست دەبێت کە زۆر زەحمەتە وێنەکەی لە حزبێکی سیاسی تەقلیدی بچێت، تۆڕێك لە مانای پێکەوەگرێدراو دروست دەبێت کە زۆر زەحمەتە بتوانین ڕایەڵەکانی لە یەکتری جیابکەینەوە، جوگرافیایەکی سەرتاسەری و گشتگیر و پێکەوە گرێدراو وێنادەبێت کە زۆر زەحمەت دەبێت بتوانین ناوچەیەك لەناوچەیەکی دیکە، یان پارچەیەکی کوردستان لە پارچەیەکی دیکەی کوردستان جیابکەینەوە، ئەمە وایکردووە بەدوای ئەوەدا بگەڕێین، پارتی ناوە بۆ چ شتێك؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەو ئیشکالیەتە دروست دەکات کە میشێل فۆکۆ لە کتێبی (وشە و شتەکان) هەموو ڕۆشنبیرانی جیهانی پێوە سەرقاڵ کردووە، لەگەڵ ئەوەی یەك کتێبی تەواوی بۆ پێناسەکردنی خوێندنەوەی ئەبستمۆلۆژی تەرخانکردووە، بەڵام بە تەواوی مانای ئەبستمۆلۆژیامان پێناڵێت، ئەوە نەبێت کە بیرمەندان بەوە پێناسەیان کردووە، خوێندنەوەی ئەبستمۆلۆژییانە مەرجێکە بۆ بارودۆخی مەعریفەیەکی تازە، قۆناخێکی دیاریکراوی مێژوو، وەرچەرخان و تۆڕێك لە بۆچوونی جیاواز کە کۆمەڵێك پەیوەندی پێکەوە گرێیان دەداتەوە، لەم چوارچێوەیەدا چەمکی پارتیش وەك چەمکێکی گوترا و بیستراو هەمان حاڵەتە و پارتی دیاردەیەکە بۆ مەعریفەیەکی تازە، بیرکردنەوەیەکی تازە، وەرچەرخانێکی گەورە، کۆکردنەوەی هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکان، هەموو ئەمانەش پێکەوە لە فەزایەکدا ئاکامی دەبێت کە زەوییە ئۆرگانییەکەی یەکڕیزی و یەکدەنگیی هەموو نەتەوە پێکەوە کۆبکاتەوە.

## ● چەمکی پارتی

### دەرکەوتنی ئیرادەی تاك لەناو فەزای بیری نەتەوەییدا

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دروستبوونی حزبی سیاسی وەك پێداویستییەکی سەرەکیی کۆمەڵگەی دیموکراتی، ئەوا مێژوو ئەوەمان پێدەڵێت کە دروستبوونی حزبی سیاسی لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی دەستی پێکردووە و پێش دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی حزبی سیاسی بوونی نەبووە، ئەمەش بەو مانایەی دوای ئازادبوونی نەتەوە، بۆ پارێزگاریکردن لە ئازادی حزبی سیاسی وەك نوێنەرایەتیکردنی چینێك، یان بەشێك لەنەتەوە دروست دەبێت، بۆ ئەوەی پارێزگاری لەو ئازادییە بکات کە نەتەوە بەرهەمی هێناوەو ڕێگەنەدات دەستەبژێرێك بۆ بەرژەوەندیی

■ تێگەیشتن و لێکدانەوەی پارتی بۆ ئەم قۆناخەی ئەمڕۆ کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، ئەرکی سەرشانی ئەندام و لایەنگر و جەماوەری پارتی لە لایەنەکانی دیکە قورستر کردووەو دەبێت سنگفراوانەتر لەگەڵ ئەو بارودۆخە مامەڵە بکەن و زیاتر خۆیان ماندوو بکەن بۆ ئەوەی لە چەمکی (پارتی) وەک ڕەشماڵێکی فراوانی بیری نەتەوەیی تێبگەن و شان بدەنە بەر ئەو ئەرکەی کە پارتی، ئەرکی لە حزبێکی سیاسیی دیکەی کوردستان قورسترە

■ دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو چوارچێوەیەی کە فیکری بارزانی کە پارتی کردۆتە سەروەرییەکی مێژوویی بۆ بەدیهێنانی ئامانجێک کە ئەویش ڕزگاربوونی نەتەوەیەکە لە ژێردەستەیی و کۆیلەیی، ئەوجا ئەگەر پشکی شێر لەم ڕێگەیەدا و بۆ گەیشتن بۆ ئەو ئامانجە بەر پارتی بکەوێت، ئەوا دەبێت لەوە دڵنیابین کە پشکی پارتی لە دەستکەوتەکانی ئەم پرۆسەیە لە هەمووان کەمتر دەبێت و وەک سەرۆک بارزانی چەندین جار ئەمەی پێ ڕاگەیاندووین: پارتی بۆ قوربانیدان هەموو کات لە پێشی پێشەوە دەبێت بۆ دەستکەوتەکانیش باکی نییە ئەگەر لەدوای دواشەوە بێت

**مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم تێگەیشتن و بیرکردنەوەی مسعود بارزانی بۆ ئایندەی ئەزموونی دەوڵەتداری و سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراتی لە کوردستاندا، زۆر جاران بەو جۆرە بووە کە هەندێك لایەنی سیاسی هەرەشە لە تێکدانی ئەو هاوسەنگییە بکەن لە پێناوی ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر لەسەر مافەکانی خۆی سازش بکات و لە پێکهێنانی حکومەت و دامەزراوەکانی دەوڵەتدا ڕەچاوی ئەو ئیستحقاقە نەکرێت کە پارتی لە ڕێگەی سندوقی دەنگدانەوە بەدەستی هێناوە**

**تێگەیشتن و بیرکردنەوەی مسعود بارزانی وەک سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەك و هەست بە بەرپرسیاریەتی بۆ ئەم قۆناخە وەک ڕێبەری ئەم قۆناخە، لەلایەکی دیکەوە بەو جۆرەیە: ئەو کاتە پارتی و گەلی کوردستان سەرکەوتوو دەبێت، کە لە هەردوو ئەرکی دەوڵەتداری و گەمەی دیموکراتی هاوسەنگی رابگیرێت و دەستکەوتە نیشتمانییەکان نەکرێت بە قوربانی سەرکەوتنی حزبی، یان بردنەوەی سندوقەکانی هەڵبژاردن**

خۆیان ئەو ئازادییە بەلاریدا بەرن.

لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات و جیهانی عەرەبی و ئیسلامیش، بەشێکی زۆری ئەو حزبە سیاسیانەی دامەزراون، حزبی سیاسی هەناردەکراو بوون و مۆرکێکی نێونەتەوەییان هەبووە، وەك حزبە ئیسلامییەکان بۆ نموونە (ئیخوان موسلمین)، یان حزبە چەپەکان بۆ نموونە (حزبە شیوعییەکان)، هەروەها چەند جۆری دیکەی حزبی سیاسی هەبوون کە زیاتر لاساییکردنەوەی حزبی قەومی و ناسیۆنالیستی شۆڤێنی بووە کە لە هەموو نەتەوەکاندا کەم تا زۆر ئەم دیاردەیە بەناوی جۆراوجۆر لاسایی کراوەتەوەو بوونی هەبووە، ئەوجا چ حزبە هاوردەکراوەکانی (ئیسلامی و شیوعی) بوویێت، یان حزبە قەومی و ناسیۆنالیستییەکان، هەموو کات ئامانج لە دروستکردنی حزب ئەوە بووە کە دەستەبژێرێکی دیاریکراو کە لە ناو ئەو حزبانە خۆیان بینیوەتەوە و هەوڵیاندا بەناوی (ڕۆشنبیرکردنی حزبی) خەڵك بەو ئایدیۆلۆژیایە پەروەردە بکەن، یان ڕۆشنبیر بکەن کە حزبەکە ئامانجی بووە.

لەسەر ئەم باکگراوەندە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان کە مستەفا بارزانی نەخشەڕێگەی دامەزراندنی بۆ دارشتووە، هەست بەو راستییە دەکەین کە دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە (مەهاباد)، بیر لەوە دەکاتەوە کە پارتێکی دیموکراتی دابمەزرێت بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی هەموو چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بکات.

پرسیاری گرنگ ئەوەیە، ئەگەر مۆدێلی حزب لە کۆمەڵگەی دیموکراتی دیاردەیەك بێت لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییەوە سەرهەڵبدات، ئایا هاودژییەك لەسەر ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان دروست نابێت کە مستەفا بارزانی پێش دامەزراندنی دەوڵەت ئەم ناوەی بۆ پارتی دەستنیشان کردبێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەناو مێژووی سەروەریی پارتی وەردەگیرێتەوە، لەبەر ئەوەی مستەفا بارزانی بیری لەوە کردۆتەوە چۆن پەرتەوازەیی بگۆڕێت بۆ یەکگرتوویی، چۆن ناوچەگەری بگۆڕێت بۆ کوردستانیبوون، چۆن جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی بگۆڕێت بۆ هاونیشتمانیبوون، چۆن ئەم سێ فاکتەرە دەگۆڕێت بۆ سێ کۆڵەگەی گرنگ بۆ رزگاربوونی هاووڵاتیانی کوردستان لە کۆیلەیەتی و ژێردەستەیی.

مستەفا بارزانی لەگەڵ ئەوەی پێش دامەزراندنی پارتی، ڕێبەرایەتی شۆڕشی کوردستانی کردووە و بەشداری لە کۆماری کوردستاندا کردووە، بەڵام ئەزموون و مامەڵەی لەگەڵ تێکرای حزبەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان و عێراق هەبووە و بەشی هەرە زۆری حزبەکانی ئەو سەردەمەش پشتگیری ئەو شۆڕشەیان کردووە کە بارزانی مستەفا لە چلەکانی سەدەی رابردوو ڕێبەرایەتی کردووە، بەڵام خۆی بە فەرمی ئەندامی هیچ حزبێکی سیاسی نەبووە و حزبی سیاسیشی بە پێویستییەك زانیوە کە وەك ئامرازێك تواناکانی گەلی کوردستان ڕێکبخات و کۆیان بکاتەوە و بۆ خەبات جۆشیان بدات. ئەمە پێمان دەڵێت، پێش ئەوەی مستەفا بارزانی بیر لە دامەزراندنی پارتی بکاتەوە وەك رەشماڵێك بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم بیروبۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان و سەرجەم چین و توێژەکان و نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، فەزای بیرکردنەوەی هەموو ئەو جیاوازییانەی کۆکردۆتەوە، ئەو فەزا فراوانەی بیرکردنەوەی ئەویش بەرهەمی ئەو پەروەردەیە بووە کە ڕێبازی سەرکردەکانی پێش خۆی لە شێخ عوبیدوڵای نەهرییەوە تا دەگاتە شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ ئەحمەدی بارزانی وەك قوتابخانەیەك فێریان کردووە. بەدیوێکی دیکەدا بیرکردنەوە لە دامەزراندنی پارتی لە فیکری بارزانیدا، هەوڵدان بووە بۆ پراکتیزەکردنی ئەو فەزا فراوانەی لە بیرکردنەوەی خۆیدا بوونی هەبووە، بۆ ئەمەش وەك بیرمەندێك خۆی بۆتە پێشرەو و ڕێبەری ئەو فیکرە و هەوڵیدا لەمیانەی هەڵسوکەوت و رەفتار و شێوازی ژیانی ڕۆژانەی ئەم بیرکردنەوەیە لە چوارچێوەی پارتیدا بەرجەستە بکات. نیچە گوتەنی وەك بیرمەندێکی پێشرەو، مستەفا بارزانی هەوڵیداوە وەك پێشمەرگەیەکی ناو کۆڕی خەبات ڕێبەرایەتیی ئەم فیکرەیە بکات، نەك بە ڕێگەی ئەوەی چی دەڵێت و چی نووسیوە، بۆیە ئەگەر سەرنج لە مێژووی

ڕێبەرایەتی مستەفا بارزانی بدەین، دەبینین ڕێبەرایەتی مستەفا بارزانی ئەو چوارچێوەیە بە ئاشکرا بەرجەستە دەکات.

ئەوجا ئەگەر جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ دامەزراندنی پارتی لە بیرکردنەوەی مستەفا بارزانیدا، ئەو ڕاستییە بە ڕاشکاوی بەرجەستە دەبێت کە لە بیرکردنەوەی بارزانیدا گەلی کوردستان بە جیاوازی نەتەوە و ئایین و بیروبۆچوونی سیاسی و دابەشکردنی بەسەر چوار پارچەدا، هەموویان پێکەوە، وەك گەل و نەتەوە چەوسێندراونەتەوە و مافەکانیان پێشێل کراوە، ئەوجا بۆ ئەوەی چوارچێوەیەك بۆ خەبات و مقاوەمەت ڕێکبخرێت بۆ ئەوەی ئەم زوڵم و چەوسانەوەیە لەسەر ئەم گەلە نەمێنێت، پارتی بووە چوارچێوەیەك بۆ ئەوەی تواناکانی هەموو گەلی کوردستان بە هەموو جیاوازییەکانیەوە ڕێکبخات و جۆشیان بدات و لەیەك کاتدا دوو پرۆسەی گرنگ پێکەوە خەباتیان بۆ بکرێت، پرۆسەی یەکەمیان هەوڵدان بووە بۆ دروستکردنی کیانێك، ئەوەی لە زانستی سیاسەت پێی دەگوترێت دەوڵەت دروستکردن (state building)، پرۆسەی دووەمیشیان پرۆسەی بونیادنانی ئیرادەی نەتەوەیە هەم بۆ خەبات و هەم بۆ خۆبەڕێوەبردنیش، ئەمەشیان لە زانستی سیاسەت پێی دەگوترێت: نەتەوە دروستکردن (nation building).

ڕێبەرایەتی مستەفا بارزانی بۆ ئەم دیاردە نوێیە، لە خودی خۆیەوە دەست پێدەکات، ئەویش بریتییە لەوەی گەلی کوردستان توانای بڕیاردانی هەیە و چۆك بۆ ژێردەستەیی و چەوسانەوە دانادات، ئەم پەیامەشی دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان بە گەلەکەی دا، پاش ئەوەی بڕیاری دا کاروانە مێژووییەکەی بۆ یەکێتی سۆڤیەت دەست پێبکات و لە ئاوی ئاراس پەڕییەوە، ئەم بڕیارەی بارزانی کە مانای ئەوە بوو گەلی کوردستان تەسلیمی ئیرادەی داگیرکەرانی کوردستان نابێت، دیسان وەرچەرخانێکی دیکە بوو لە ئاستی بیری نەتەوەیی و ورەیەك بوو کرا بە بەری ئیرادەی شۆڕشگێڕیی خەڵکی کوردستانداو بووە بنەمای ئەوەی کە داگیرکەرانی کوردستان بگەنە ئەو قەناعەتەی کە کێشەی کوردو کوردستان پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە و دەبێت چارەسەر بکرێت، ئەوە بوو لە دوای شۆڕشی چواردەی تەموزی ١٩٥٨ لە نووسینەوەی دەستووری کاتیی عێراقدا، پێناسەی عێراق گۆڕا بۆ ئەوەی «عێراق نیشتمانی هاوبەشی کوردو عەرەبە»، بەڵام عەرەبە شۆڤێنییەکانی عێراق لە بری ئەوەی سوود لەو دەرفەتە وەربگرن و کێشەکانی کوردستان و عێراق چارەسەر بکەن، هاتن لەمە پەشێمان بوونەوە، بۆیە لە ئەیلوولی ١٩٦١ بڕیارێکی بەهێزتر و ئیرادەیەکی گەورەتر لە چوارچێوەی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولدا خۆی بەرجەستە کردەوەو لەو کاتەوە تا ئێستا ئیرادەی گەلی کوردستان بەردەوام لە سەنگەری خەبات و قوربانیدا بووە، تا ئەوەی ئێستا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی لە سەردەمی ڕێبەرایەتی مسعود بارزانیدا، بڕیاری ریفراندۆم دراوەو گەلی کوردستان هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی و سەرفرازیی یەکجارەکی هەڵدەگرێت.

لەم قۆناخەدا کە مسعود بارزانی ریبەرایەتی گەلی کوردستان دەکات، لەگەڵ ئەوەی دیاردەی فرەحزبی دیاردەیەکی جوان و بەرچاوی کوردستانەو پارتی بەو پەڕی سنگفراوانییەوە ڕێز لە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و بیروبۆچوونە جیاوازەکان دەگرێت، بەڵام لە بیرکردنەوەی سەرۆك مسعود بارزانی-دا، چەمکی پارتی هەمان ئەو دیاردە مێژووییەیە کە لە فیکری مستەفا بارزانی-دا مۆرکی خۆی هەڵکۆڵیوە و هەمان پراکتیزەیە کە مستەفا بارزانی لە سەردەمی ڕێبەرایەتی خۆیدا پیادەی کردووە، هەر بۆیە کاتێك پارتی لەم قۆناخەدا وەك حزبێك لە لەناو ژینگەی فرەحزبی کوردستاندا دەیەوێت داکۆکی لەماف و ئیستیحقاقی هەڵبژاردنی خۆی بکات، ئەوا سەرۆك بارزانی زۆر جاران لە پێناوی پاراستنی یەکڕیزی و یەکدەنگی گەل و خاکی کوردستاندا سازش لەسەر مافەکانی پارتی دەکات.

لە گرێدانەوەی هەموو خەسڵەتەکانی پارتی پێکەوە و بە لەبەرچاوگرتنی شێوازی ڕێبەرایەتیکردنی پارتی لە سەردەمی مستەفا

**لەم قۆناخەدا پارتی شانی داوەتە بەر دوو ئەرکی گرنگ، یەکەمیان درێژەپێدانە بە پتەوکردنی قۆناخی ئەزموونی دەوڵەتداری و پاراستنی سەقامگیری و یەکڕیزی و یەکدەنگیی خەڵکی کوردستان، دووەمیشان پاراستنی ژینگەی فرەحزبی و ململانێی سیاسییە لە چوارچێوەی ڕێساکانی دیموکراتیدا، لە هەردوو ئەرکەکەشدا بارودۆخی کوردستان وایکردووە کە دەبێت پێش هەر لایەنێکی دیکە پارتی قوربانی بۆ پاراستنی هەردوو ئەرکەکە بدات**

**ئەگەر توێژەرێک، یان ئەکادیمییەک بیەوێت جۆرێک لە لێکدانەوە و تەفسیر بۆ تێگەیشتن لەچەمکی پارتی بکات، ئەوا دەبێت هەوڵەکانی هەمووی بەو ئاراستەیە بخاتەگەڕ کە چۆن بتوانێت هەموو ئەو رایەڵە بدۆزێتەوە کە تەواوی بیروبۆچوونە جیاوازەکانی گەلی کوردستان پێکەوە گرێدەداتەوە و چۆن بتوانێت لە مێژووی سەروەریی پارتیدا سەیری ئیرادەی تاک لەناو فەزای بیری نەتەوەییدا بکات و چۆن ئەو ئیرادەیە سەرنجی رادەکێشێت**

**دروستبوونی حزبی سیاسی لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی دەستی پێکردووە و پێش دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی حزبی سیاسی بوونی نەبووە، ئەمەش بەو مانایەی دوای ئازادبوونی نەتەوە و بۆ پارێزگاریکردن لەو نەتەوەیە حزبی سیاسی وەک نوێنەرایەتیکردنی چینێک، یان بەشێک لەنەتەوە دروست دەبێت، بۆ ئەوەی پارێزگاری لەو ئازادییە بکات کە نەتەوە بەرهەمی هێناوەو رێگەنەدات دەستەبژێرێک بۆ بەرژەوەندیی خۆیان ئەو ئازادییە بەلاڕێدا بەرن**

بارزانی و ئێستاش لە سەردەمی مسعود بارزانی-دا، دەبینین ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو بوونی نییە کە پێناسەی پارتی وەك ئەو دیاردە مێژووییە بکات، بەپێچەوانەوە ئەگەر توێژەرێك، یان ئەکادیمییەك بیەوێت جۆرێك لە لێکدانەوە و تەفسیر بۆ تێگەیشتن لەچەمکی پارتی بکات، ئەوا دەبێت هەوڵەکانی هەمووی بەو ئاراستەیە بخاتەگەڕ کە چۆن بتوانێت هەموو ئەو رایەڵانە بدۆزێتەوە کە تەواوی بیروبۆچوونە جیاوازەکانی گەلی کوردستان پێکەوە گرێدەداتەوە و چۆن بتوانێت لە مێژووی سەروەریی پارتیدا سەیری ئیرادەی تاك لەناو فەزای بیری نەتەوەییدا بکات و چۆن ئەو ئیرادەیە سەرنجی رادەکێشێت، بەڵام ئەگەر هەوڵبدات تەنیا وەك یەکێك لە حزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یان جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، پێناسەیەك بۆ پارتی بدۆزێتەوە لە چوارچێوەی حزبێکی سیاسیدا، ئەوا نەك هەر لە خۆماندووکردنی بۆ پێناسەکردنی پارتی ماندوو دەبێت و رەنج بەخەسار دەبێت، ئەوا ئەو سەردەمە مێژووییەش لەبیردەکات کە پارتی تیایدا دامەزراوە و ناوی پارتی بۆتە ئەو دیاردەیەی کە هەموو ئیرادەی نەتەوە بە یەکەوە کۆدەکاتەوە.

## ● پارتی لە قۆناخی ئەزموونی دەوڵەتداری و ژینگەی فرەحزبی و ململانێی سیاسیدا

قۆناخی ئەزموونی دیموکراتیی کوردستان کە دەکرێت پێشی بڵێین قۆناخی ئەزموونی دەوڵەتداریی، بۆ پارتی قۆناخێکی هەستیار و ئاڵۆزی راگوزەری ئەوتۆیە کە نە ئەوەیە بووبینە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی و ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ئەوەی هەست بکەین هیچ هەڕەشەیەکی دەرەکیمان لەسەر نییەو دەتوانین بە تەواوەتی گەمەی دیموکراتی و یاسای حزبایەتی رێکبخەینەوە، نە لە قۆناخی خەباتی شاخیشداین کە چاوپۆشی لەهەندێك مافی حزبی بکرێت و پاشان رووبەڕووی سندوقی دەنگدان نەبینەوە.

بۆیە لەم قۆناخەدا پارتی شانی داوەتە بەر دوو ئەرکی گرنگ، یەکەمیان درێژەپێدانە بە پتەوکردنی قۆناخی ئەزموونی دەوڵەتداری و پاراستنی سەقامگیری و یەکڕیزی و یەکدەنگیی خەڵکی کوردستان، دووەمیشیان پاراستنی ژینگەی فرەحزبی و ململانێی سیاسییە لە چوارچێوەی رێساکانی دیموکراتیدا، لە هەردوو ئەرکەکەشدا بارودۆخی کوردستان وایکردووە کە دەبێت پێش هەر لایەنێکی دیکە پارتی قوربانی بۆ پاراستنی هەردوو ئەرکەکە بدات.

تێگەیشتن و بیرکردنەوەی مسعود بارزانی وەك سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەك و هەست بە بەرپرسیاریەتی بۆ ئەم قۆناخە وەك رێبەرێك لەلایەکی دیکەوە بەو جۆرەیە: ئەو کاتە پارتی و گەلی کوردستان سەرکەوتوو دەبن، کە لە هەردوو ئەرکی دەوڵەتداری و گەمەی دیموکراتی هاوسەنگی رابگیرێت و دەستکەوتە نیشتمانییەکان نەکرێت بە قوربانی سەرکەوتنی حزبی، یان بردنەوەی سندوقەکانی هەڵبژاردن، بەداخەوە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم تێگەیشتن و بیرکردنەوەی مسعود بارزانی بۆ ئایندەی ئەزموونی دەوڵەتداری و سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراتی لە کوردستاندا، زۆر جاران بەو جۆرە بووە کە هەندێك لایەنی سیاسی هەڕەشە لە تێکدانی ئەو هاوسەنگییە بکەن لە پێناوی ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر لەسەر مافەکانی خۆی سازش بکات و لە پێکهێنانی حکومەت و دامەزراوەکانی دەوڵەتدا رەچاوی ئەو ئیستحقاقە نەکرێت کە پارتی لە رێگەی سندوقی دەنگدانەوە بەدەستی هێناوە. بۆیە لە یەکەم هەڵبژاردنی کوردستانەوە لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە هەتا ئێستا، بەردەوام ئاکامەکانی هەڵبژاردن پێوەر نەبوون بۆ پێگەو شکۆی پارتی و بەردەوام پارتی لە پێناوی راگرتنی هاوسەنگی لە نیوان دەوڵەتداری و سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراتیدا، لە مافەکانی سازشی کردووەو داکۆکی لەسەر نەکردووە. هەر ئەمەش بۆتە بنەمای رێککەوتنی ستراتیژی لە نێوان پارتی و یەکێتی کە وەك دوو هێزی گەورە پێکەوە حوکمڕانی بکەن و ئاشتی و سەقامگیری کوردستان بپارێزن و جارێکی دیکە شەڕی دەسەڵات و هەڵبژاردن دووبارە نەبێتەوە.

لەم روانگەیەوە و لەمیانەی شرۆڤەکردن

**دامەزراندنی پارتی بۆ ئەوە بووە کوردستانییەکان بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە ببنە خاوەنی یەک ناسنامە کە ئەویش ناسنامەی کوردستانیبوونە، هەربۆیە ئەگەر وەک دیاردەیەکی مێژوویی خوێندنەوەیەکی مەنهەجییانە بۆ چەمکی پارتی بکەین، ئەوا لەناو سەروەریی ئەو مێژووەدا نەبێت، هەموو رەهەندەکانی ماناکانی پارتی دەرناکەون**

بۆ ڕۆڵ و پێگەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەم قۆناخە ڕاگوزەرە هەستیارەدا، هەموو کات پارتی ئەرکێکی زیاتری لە حزبێکی سیاسی لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستان لەسەر شان بووە و نەیتوانیوە وەك هەر حزبێکی سیاسیی دیکەی کوردستان بە تێڕوانینێکی موجەڕەددی حزبییانە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکە بکات و تەنانەت ئەگەر لە کاتێکدا پارتی بۆ ماوەیەکیش وەك حزب پێداگیری لەسەر مافەکانی خۆی کردبێت، ئەوا کە قۆناخەکە پێویستی بە یەکڕیزی و یەکدەنگیی نێوماڵی کوردستان هەبووبێت، پارتی لەبەر ڕۆشنایی ڕێنمایەکانی سەرۆك بارزانی جارێکی دیکە دەستبەرداری مافەکانی خۆی بووە و لە پێناوی یەکڕیزی و یەکدەنگیدا نەرمی نواندووە.

لە ئێستادا کە بەرەو ریفراندۆم و سەربەخۆیی هەنگاو هەڵدەگرین و پارتی شانی داوەتەبەر بۆ ئەوەی لەگەڵ سەرجەم هێزە سیاسییەکانی کوردستان ئەم ئەرکە نیشتمانییە بەرەو سەرکەوتن بەرن، جارێکی دیکە لەگەڵ ئەوەی بەشە قورسەکەی ئەم ئەرکە کەوتۆتە سەر شانی پارتی، بەڵام لە هەمانکاتدا، بەداخەوە هەندێك لایەنی سیاسی ئەم واقیعەیان بۆ بەرژەوەندیی حزبی بە فرسەت وەرگرتووە و پێداگیری دەکەن بۆ ئەوەی گوشار لە پارتی بکەن و مەرامە حزبییەکانی خۆیان بەدەست بهێنن، بەڵام لەبەر ئەوەی پارتی بە درێژایی مێژووی خۆی هەر بەو جۆرە ڕەفتاری کردووە کە بەرژەوەندیی پارتی بکات بە قوربانیی بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی، ئەوا ئەمجارەش لە پێناوی ئەوەی یەکڕیزی و یەکدەنگی بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان لە ناوماڵی کوردستاندا دروست ببێتەوە، وازی لەهەموو مافەکانی خۆی هێناوە و مەرج و داواکاری لایەنەکانی دیکەی قبووڵ کردووە.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا بە سازشکردنی پارتی لەسەر مافەکانی خۆی تاسەر، ئەم پرۆسەیە هاوسەنگ دەبێت و دەتوانین ئەو قۆناخە ڕاگوزەرە بە سەرکەوتوویی تێپەڕێنین؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە لای پسپۆڕانی زانستی سیاسەت بەو جۆرەیە، ڕەگ و ڕیشەی کێبڕکێ و ململانێی نێوان حزبە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی، بە ڕاهاتن و فێربوونی جێبەجێکردنی ڕێساکانی گەمەی دیموکراتی دەپارێزرێت و دەبێت هەموو لایەنە سیاسییەکان پابەندی ڕێساکانی گەمەی دیموکراتی بن، ئەوجا هاوسەنگی لەناو سیستمە دیموکراتییەکە دروست دەبێت، بەڵام وەڵامی هەمان پرسیار لای پارتی بەگشتی و شەخسی سەرۆك مسعود بارزانی بەو جۆرەیە، هەتا کۆمەڵگەی ئێمەش وەك کۆمەڵگەکانی دیکەی جیهان دەگاتە ئەو ئاستەی پابەندی ڕێساکانی گەمەی دیموکراتی بن، باشترە بیر لەکاری پێکەوەیی و نزیککردنەوەی خاڵە هاوبەشەکانمان بکەینەوە، بۆ ئەوەی بتوانین پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت و دیموکراتی پێکەوە سەرکەوتوو بن.

تێگەیشتن و لێکدانەوەی پارتی بۆ ئەم قۆناخەی ئەمڕۆ کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، ئەرکی سەرشانی ئەندام و لایەنگر و جەماوەری پارتی لە لایەنەکانی دیکە قورستر کردووەو دەبێت سنگفراوانەتر لەگەڵ ئەو بارودۆخە مامەڵە بکەن و زیاتر خۆیان ماندوو بکەن بۆ ئەوەی لە چەمکی (پارتی) وەك ڕەشماڵێکی فراوانی بیری نەتەوەیی تێبگەن و شان بدەنە بەر ئەوەی کە ئەرکی پارتی، لە ئەرکی هەر حزبێکی سیاسیی دیکەی کوردستان قورسترە، هەروەها دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو چوارچێوەیەی کە فیکری بارزانی پارتی کردۆتە سەروەرییەکی مێژوویی بۆ بەدیهێنانی ئامانجێك کە ئەویش ڕزگاربوونی نەتەوەیەکە لە ژێردەستەیی و کۆیلەیی، ئەوجا ئەگەر پشکی شێر لەم ڕێگەیەدا و بۆ گەیشتن بۆ ئەو ئامانجە بەر پارتی بکەوێت، ئەوا دەبێت لەوە دڵنیابین کە پشکی پارتی لە دەستکەوتەکانی ئەم پرۆسەیە لە هەموان کەمتر دەبێت و وەك سەرۆك بارزانی چەندین جار ئەمەی پێ ڕاگەیاندووین: پارتی بۆ قوربانیدان هەموو کات لە پێشی پێشەوە دەبێت بۆ دەستکەوتەکانیش باکی نییە ئەگەر لەدوای دواشەوە بێت.

**چەمکی پارتی لە فیکری مستەفا بارزانی-دا، ئامرازێک بووە بۆ یەکخستنی هەموو تواناکانی نەتەوە، دروستکردنی فەزایەک بووە بۆ ئەوەی تاکەکانی نەتەوە بە ئازادی بیربکەنەوە، مۆدێلێکی جیاواز بووە بۆ شێوازی خەبات و مقاوەمەت لەسەر بنەمای یەکڕیزی و یەکدەنگی، نەک دامەزراندنی حزبێکی سیاسی تەقلیدی بووبێت بۆ نوێنەرایەتیکردنی چین و توێژێکی جیاوازی کۆمەڵگە، یان ئایینێکی دیاریکراو، یان ئایدیۆلۆژیەتێکی دیاریکراو**

**مسعود بارزانی کە ئێستا ڕێبەرایەتی نەتەوە دەکات و بە کردەیی هەوڵ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەدات، بەو جۆرە پێناسەی پارتی کردووە کە دەڵێت: «پارتی نائومێدی گۆڕی بۆ ئومێد.» ئەم پێناسەیە لە ناوەڕۆکدا پێمان دەڵێت: چەمکی پارتی لە مانای حزبێکی سیاسی گەورەترە و ئامانجی بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی لە دامەزراندنی پارتی ئەوە بووە کە رایەڵەیەک دروست بکات بۆ ئەوەی تەواوی ئەو حزبانەی لەو سەردەمە هەبوون و ناسنامەیان کوردستانی بووە، لەگەڵ تەواوی سەرۆک هۆز و کەسایەتی و ناوداران و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لەژێر یەک ڕەشماڵدا کۆبکاتەوە، بە ناوی پارتێکی تازە کە پارتی دیموکراتی کوردستانە**



گریگۆری گۆس پرۆفیسۆر و سەرۆکی بەشی کاروباری نێودەوڵەتیی لە سکوڵی بوش بۆ حکومەت و خزمەتگوزاریی گشتی لە زانکۆی (Texas A&M)، پێشتر پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە زانکۆی ڤێرمۆنت. هەروەها توێژەر بووە لە سەنتەری دەوحە لە ئامۆژگای برۆکینز. بە هەمان شێوە وانەبێژی زانستی سیاسی بووە لە زانکۆی کۆڵۆمبیا. بۆ تاتوێکردن و شرۆڤەکردنی ئەو تەنگژە و پشێوییانەی کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەستیانەوە دەناڵێنێت، هەروەها بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوتی ڕووداوەکان و پێشبینییەکانی پەیوەست بە داهاتووی ئەم ناوچەیەوە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە بۆچوونەکانی خستەڕوو.

## گریگۆری گۆس

سەرۆکی بەشی کاروباری نێودەوڵەتیی لە زانکۆی تەکساس بۆ گوڵان:

# لاوازبوون و داڕووخانی دەسەڵاتی دەوڵەت ریشەی قەیرانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە

*** بەپێی ئەوەی تایبەتمەندن لە کاروباری وڵاتانی کەنداو، با سەرەتا لەو تەنگژەیەوە دەست پێبکەین کە لە نێوان قەتەر و وڵاتانی دیکەی کەنداو و میسردا دروست بووە، ئایا هۆکار و دەرئەنجامەکانی ئەم تەنگژەیە چین؟**

- لە راستیدا هۆکارەکەی بۆ تمووحی سەرکردایەتیی نوێی وڵاتی عەرەبستانی سعودیە و سەرکردایەتیی وڵاتی ئیمارات دەگەڕێتەوە، کە خوازیاری ئەوە بوون قەتەر پتر پێ بە پێی سیاسەتەکانی ئەوان هەنگاو هەڵبگرێت، هەروەها بۆ بیرکردنەوە و پێشبینی ئەوان دەگەڕێتەوە کە چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد ئەمریکا لەم هەنگاوەدا پشتیوانییەکی بەهێزیان بکات بۆ ئەوەی قەتەر بخەنەوە گۆشەکەی خۆی، ئەگەر ئەم گوزارشتە راست بێت، یان بۆ ئەوەی فشار بخرێتەسەر قەتەر بۆ ئەوەی هەمان سیاسەتی سعودیە و ئیماراتی بگرێتەبەر. کەواتە پێموایە سعودیە و ئیمارات بەهەڵەداچوون لە لێکدانەوە و حیساباتەکانیان لە پەیوەندی بەوەی ئایا ئەمریکا تا چ ئەندازەیەك

فشـار دەخاتەسـەر قەتـەر، هەروەهـا دوچـاری بەهەڵەداچوونـی حیسـابات هاتـن لـە پەیوەنـدی بـەوەی تـا چەنـد لەسـەر ئاسـتی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی فشـار دەکرێـت بـۆ ئـەوەی ئـەم تەنگژەیـە بـە شێوەیەکی خێرا چارەسەر بکرێت. چونکە راستە ئەمـە تەنگژەیەکی گەورەیـە لـە کەنـداو، بـەڵام پێناچێـت شـانۆ نێودەوڵەتییەکـە زۆر کاریگـەر بوویێـت بـەم قەیرانـە، ئەوەتـا نـەوت بـە شـێوەیەکی ئاسـایی و سروشـتی لـەم ناوچەیـەوە هەنـاردە دەکرێـت، سـوپای ئەمریـکا بـە ئاسـانی دەسـتی بـەم ناوچەیـە رادەگات و کاروبـارە بازرگانییەکانیـش ئەنجـام دەدرێـن. کەواتـە پێموایـە بـە هەڵەداچـوون لـە حیسـاباتی ئـەوەی تـا چەنـد قەتـەر دەکەوێتەژێـر فشـارەوە.

*** باسی ئەوەتان کرد کە سعودیەو ئیمارات بـە هەڵەداچـوون لـە حیسـاباتەکانیاندا (Miscal-culation) ئـەی پێتوانییـە ئەمریـکاش بـە هەڵـە ئیـدارەی (Mishandling) ئـەم تەنگژەیـەی کردبێـت؟**

- بەڵـێ، پێموایـە لـە سـەرەتاوە ئەمریـکا بـە هەڵـە ئیـدارەی دۆخەکـەی کـرد، چونکـە سـەرۆکی ئەمریـکا و وەزیـری دەرەوەی ئـەو وڵاتـە پەیامـی جیاوازیـان دەنـارد. رەنگـە ئەمـە شـێوازێکی کارکردنـی بـاش بێـت ئەگـەر بێتـو بەرئەنجامـی هەماهەنگـی بێت بۆ ئـەوەی فشار بخەیتەسـەر لایەنێکـی دیاریکـراو، بـەڵام ئەمـە حاڵەتەکـە نەبـوو لـە پەیوەنـدی بـە تەنگـژەی قەتـەرەوە، بەڵکـو ئەمـە بـووە هـۆی ئـەوەی لایەنـە پەیوەندیدارەکان دڵنیا نەبن لـەوەی کێ گوزارشـت لـە سیاسـەتی دەرەوەی ئەمریـکا دەکات، چونکـە کاتێـك سـعودیە و ئیمـارات لێدوانێکـی وەزیـری دەرەوەیـان گـوێ لێدەبـوو، ئـەوا دەیانزانـی دەتوانـن رووبکەنـە سـەرۆك بـۆ ئـەوەی بڕیارێکـی دیکـە بەدەست بهێنـن، کەواتە بەڵێ پێموایە ئەمریـکاش ئیدارەیەکـی هەڵـەی دۆخەکـەی کـرد.

*** ئـەی رەوایە بڵێیـن ئێران بە ئەندازەیەکی گـەورە سـوودمەند بـووە لـە سـەرهەڵدانی ئـەم تەنگژەیـە؟**

- مـن ناڵێـم بـە ئەندازەیەکـی گـەورە سـوودمەند بـووە، چونکـە دەستڕۆیشـتوویی ئێـران زیاتـر لـە عێـراق و سـووریا و لوبنانـدا بـەدی دەکرێـت، پەیوەندیـی ئێـران بـە قەتـەرەوە پەیوەنـدی دۆسـتانە و کارکردنـە و ناکرێـت بڵێیـن قەتـەر دەبێتـە هاوپەیمانێکـی بەهێـزی ئێـران.

*** ئـەی چـۆن لـە پەیوەنـدی یـان دروسـتتر بڵێیـن رکابەریـی ئێران و سـعودیە دەڕوانـن؟**

- ئاشـکرایە کـە رکابەرییەکـی بەهێـز هەیـە لەنێوانیانـدا، زۆر کـەس پێیوایـە ریشـەی ئـەم رکابەرییـە دەگەڕێتـەوە بـۆ دابەشـبوونی نێـوان شـیعە و سـوننە لـە نێـو ئیسـلامدا، بـەڵام مـن بـاوەڕم وایـە ریشـەی ئـەم رکابەرییـە بـۆ ململانێـی دەسـەڵات دەگەڕێتـەوە لـە ناوچـە جیاوازەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە شـەڕی ناوخۆیـی هەڵگیرسـاوە تێیانـدا، وەك عێـراق و سـووریا و یەمـەن کـە شـەڕی ناوخۆییـان تێدایـە، هەروەهـا لوبنانیـش کـە حکومەتێکـی لاوازی هەیـە، کـە بوونـی حکومەتـی لاوازیـش هۆکارێکـە بـۆ دەسـتێوەردانی دەرەکـی. مەبەسـتم ئەوەیـە بڵێـم ئێـران و سـعودییە هەوڵـدەدەن ئـەو بۆشـاییە سیاسـیە پڕبکەنـەوە بـە چەشـنێك کـە بـە بەهێزبوونـی پێگـەی خۆیـان و لاوازکردنـی پێگـەی بەرامبەریـان بشـکێتەوە، هەمـوو ئەمـەش لـە چوارچێـوەی ململانێـی هاوسـەنگیی هێـزدا ئەنجـام دەدرێـن. راسـتە زۆربـەی جـار سـعودیە بـە سـوننە و ئێرانیـش بـە شـیعەوە گرێدەدرێنـەوە، بـەڵام پێموانییـە ئەمـە رکابەرییەکـی تایفەگـەری بێت، بـەڵام هـەروەك ئاماژەم پێکرد رکابەرییەکـە لـە چوارچێـوەی ململانێـی هێزدایـە.

*** بـەڵام پێتوایـە لـەم ململانێیـەدا ئێـران توانیویەتـی پێگەیەکی بەهێزتری هەبێت و پەرە بـە دەسـتڕۆیشـتوویی خـۆی بـدات لـە چەنـد وڵاتێکـی گرنگـی ناوچەکـەدا وەك عێـراق و سـووریا؟**

- بەڵـێ، ئێـران بـڕاوەی ئـەم پێشـبڕکێیەیە، ئەمـە هیـچ گومـان هەڵناگرێـت.

*** بـەڵام بۆچی وڵاتە عەرەبییەکان بە تەنیا، یـان پێکـەوە نەیانتوانیـوە بـەر بـە دەسـتڕۆیشـتوویی ئێران بگـرن و بەرەنگاری هەژموونی ئـەو وڵاتە ببنـەوە؟**

- لـە راسـتیدا دابەشـبوون هەیـە لەنێـو ئەوانـەی ئەگـەری رکابەریکردنـی ئێرانیـان لێدەکرێت، وەك سـعودیە و میسـر و تورکیـا، واتـە جیـاوازی هەیـە لـە نێوانیانـدا لەسـەر ئـەوەی چ رێچکـە و رێگاچارەیـەك بگرنەبـەر. بـۆ نموونـە

**لە حاڵەتی هەڵوەشانەوەی رێککەوتنەکەدا ئێران دەست بە پڕۆگرامە ئەتۆمییەکەی دەکاتەوە و رێز لەو سنووربەندییانە ناگرێت کە لەنێو رێککەوتنەکەدا هاتوون و ئەو کاتەش قسە و باسی گرتنەبەری کردەوەی سەربازی دێتەئاراوە**

**سەرۆکی ئەمریکا دەیەوێت رێککەوتنە ئەتۆمییەکە هەڵبوەشێنێتەوە، هەوڵی ئەوەش دەدات وا دەربکەوێت کە ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی ئێران بێت، بەڵام دوچاری دژوارییەکی زۆر دەبێتەوە لەوەی بتوانێت قەناعەت بە چوار ئەندامەکەی ئەنجومەنی ئاسایش و ئەڵمانیا و یەکێتیی ئەورووپا بکات کە شوێن پێی سیاسەتەکانی هەڵگرن**

لە تەنگژەی قەتەردا تورکیا کە وڵاتێکی سوننەیە پتر هاوسۆزە لەگەڵ ئیسلامی سیاسی پۆپۆلیستی نیچمە دیموکراسی کە ئیخوان موسلمین نوێنەرایەتی دەکات، لە کاتێکدا سعودیە و ئیمارات بە تەواوەتی لە دژین و بەرهەڵستی دەکەن.

*** واتە هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وڵاتانی عەرەبی و سوننە نەیانتوانیوە لەنێو خۆیاندا هاوپەیمانێتیەك پێکبهێنن؟**

- بەڵێ ئەمە راستە، ئەوەش لەبەر ئەوە تێڕوانینی جیاوازیان هەیە لەبارەی ئەوەی ئیسلام رۆڵی چی بێت لە سیاسەتەدا.

*** یەکێکی دیکە لەو تەحەددی و دەردانەی ئەم ناوچەیە بەدەستیەوە دەناڵێنێت، داڕووخانی دەسەڵاتی دەوڵەت و لەبەریەك هەڵوەشانەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەتە، ئێوە چۆن لەم مەسەلەیە دەڕوانن؟**

- لە راستیدا ئەمە ریشەی قەیرانە ئیقلیمییەکەیە، چونکە ئەو داڕووخانە بۆشایی سیاسی دروست دەکات و ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی هێزە ئیقلمییەکان و بگرە هێزە مەزنەکانی وەك ئەمریکا و رووسیا هەوڵی دەستێوەردان بدەن. هەروەها ئەم بۆشایی دەسەڵاتەیە کە بواری بۆ کاراکتەرە نادەوڵەتییەکانی وەك داعش و ئەلقاعیدە رەخساندووە کە بنکە و پێگە دابمەزرێنن. کەواتە ئەمە کرۆکی قەیرانە ئیقلمییەکەیە و بە داخەوە توانامان بۆ دەستنیشانکردنی هۆکار و ریشەی کێشەکە بە مانای ئەوە نایەت کە دەتوانین چارەسەری بکەین، چونکە بنیادنانەوەی دەوڵەت ئەرکێکی زۆر قورسە، لەبەر ئەوە پێموایە ئەم قەیرانە ئیقلمییە بۆ ماوەیەکی دیکەش درێژە دەکێشێت.

*** لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت چاوەڕێی ئەوە بکەین کە ئیدارەی ئەمریکا وەبەرهێنان بکات لە دووبارەبنیادنانەوە دەوڵەت لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا؟**

- نەخێر، ئیدارەی پێشوو بە ئاشکرا راگەیاندووە کە نایەوێت بێتە ناو ئەم پرۆسەیەوە، ئیدارەی ئێستاش – ئەگەرچی لەسەر ئاستی گوتار و لێدوانەکانی راگەیاندووە جیاوازە لە ئیدارەی پێشوو- دەستنادانە پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت و پەرەپێدانی دیموکراسی لەم ناوچەیەدا.

*** ئێوە لە وتارێکتاندا کە لە وێبسایتی ئامۆژگای برۆکینزدا بە ناونیشانی** (ISIS and the New Middle East Cold War) **بڵاوتان کردووەتەوە، باستان لەوە کردووە داعش بەرەنجامی شەڕی ساردی نوێی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، ئایا دەبێت نیگەران بین لە بارەی دووبارە سەرهەڵدانەوە و هەڵکشانی داعشەوە؟**

- ئەوەش ئاشکرایە داعش نابێتەوە قەوارەیەك کە خاکێکی لەبندەستدا بێت، کە لە بنەڕەتدا هەوڵیدا قەوارەیەکی لەم چەشنە بێت بۆ ئەوەی خۆی لە ئەلقاعیدە و گروپەکانی دیکە جیا بکاتەوە، بەڵام ئەو توانایەی لە دەستدا، لەبەر ئەوەی هیچ دۆست و هاوپەیمانێکی نییە و هەمووان لە دژین. بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە لەناو دەچێت، چونکە دەکرێت بە حیساباتی خۆیدا بچێتەوە و ناوی خۆی بگۆڕێت و هاوشێوە و هاوچەشنی ئەلقاعیدەی لێ بێت، واتە بێ ئەوەی خاکێکی دیاریکراوی لەژێر دەستدا بێت، ئەگەرچی توانای ئەوەی هەبێت کە گورز لە دوژمنەکانی بسرەوێنێت لە ئەوروپا، یان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە من پێموایە رەنگە بەم ئاڕاستەیەدا هەنگاو بنێت. کەواتە تاوەکو شەڕە ناوخۆییەکان و بۆشایی سیاسی هەبێت، ئەوا داعش بواری ئەوەی بۆ دەڕەخسێت کە بتوانێت پلان دابنێت بۆ کردەوە تیرۆریستییەکان و جێبەجێشیان بکات، بە چەشنی ئەوەی ئەلقاعیدە ئەنجامی دەدات.

*** کەواتە هاوڕایت لەگەڵ ئەوەدا، کە چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆریزم و توندڕەوی پەیوەندییەکی لێکدانەبڕاوی هەیە بە چارەسەرکردنی پرسی حوکمڕانییەوە؟**

- بەڵێ، من باوەڕم وایە.

*** هەروەك دەزانن لە عێراقدا شەڕی دژ بە داعش بەرەوپێشچوونی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، بەتایبەتی دوای رزگارکردنی شاری موسڵ، ئایا تا چەند کارێکی واقیعبینانەیە پێشبینی ئەوە بکەین کە بابەتی دابەشکردنی دەسەڵات و چارەسەرکردنی پرسی حوکمڕانی لەم وڵاتەدا دەبێت کۆششی جددی بۆ بکرێت؟**

- بە تێڕوانینی من هەڵمەت و شەڕی دژ بە داعش هەموو ئەم پرسە قورسانەی دواخستووە، واتە لەگەڵ کۆتاییهاتنی ئەم

**باوەڕم وانییە رژێمی سووریا، ئیدی بە سەرۆکایەتیی بەشار ئەسەد بێت، یان هەر کەسێکی دیکە بتوانێت کۆنترۆڵی خۆی بەسەر تەواوی وڵاتەکەدا بسەپێنێتەوە. واتە ئێمە رۆژگارێکی دوورودرێژ بەدی دەکەین کە تێیدا میلیشیا جیاوازەکان کۆنترۆڵی فیعلیی واقیعەکەیان بەدەستەوە دەبێت**

**تاوەکو شەڕە ناوخۆییەکان و بۆشاییی سیاسی هەبێت، ئەوا داعش بواری ئەوەی بۆ دەڕەخسێت کە بتوانێت پلان دابنێت بۆ کردەوە تیرۆریستییەکان و جێبەجێشیان بکات**

**توانامان بۆ دەستنیشانکردنی هۆکار و ریشەی کێشەکە بە مانای ئەوە نایەت کە دەتوانین چارەسەری بکەین، چونکە بنیادنانەوەی دەوڵەتی ئەرکێکی زۆر قورسە، لەبەر ئەوە پێموایە ئەم قەیرانە ئیقلمییە بۆ ماوەیەکی دیکەش درێژە دەکێشێت**

شەڕە لە دژی داعش ئەو پرسانە دووبارە دێنەپێشەوە و سەرهەڵدەدەنەوە. بۆ نموونە پرسی ئەنجامدانی ریفراندۆم لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە لە مانگی داهاتوودا، بۆتە هۆی ئەوەی نەك هەر تەنیا لە کوردستان، بەڵکو لە بەشەکانی دیکەی عێراقیش بیر لەوە بکرێتەوە ئایا ئایندەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا چی دەبێت، چونکە ئەگەر ئەم کێشانە چارەسەر نەکرێت، ئەوا گرژی و دژواری لە سیاسەتی عێراقدا دروست دەبێت.

*** ئێوە ئاماژەتان بە پرسی ریفراندۆم کرد لەلایەن کوردستانەوە، کە هەرێمی کوردستان باس لەوە دەکات مافی ئەوەی هەیە مومارەسەی بڕیاردانی چارەنووس بکات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی متمانەیان بە حکومەتی عێراقی نەماوە، چونکە لەبری ئەوەی مافە بنەڕەتییەکانیان دەستەبەر بکات، ئەوا مافە دەستوورییەکانی پێشێل کردوون، راوبۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- لە راستیدا زەحمەتە ئەمە یەکلابکرێتەوە، ئەوەش تەواو روونە کە زۆرینەی کوردی عێراق خوازیاری ئەوەن وڵاتێکی سەربەخۆیان هەبێت. کە سەرەڕای ئەوەی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکان هەیە، بەتایبەتی تورکیا، هەروەها ئێرانیش، بەڵام دەوڵەتە دراوسێکان بەرهەڵستی ئەوە دەکەن کە هەرێمی کوردستانی عێراق سەربەخۆیی تەواو بەدەست بهێنێت. چونکە ترسیان هەیە رەنگدانەوەی هەبێت لەسەر کوردی دانیشتووی وڵاتەکەیان. هەروەها پێموانییە ئەمریکاش پشتیوانییەکی گەورە لە کوردستانی سەربەخۆ بکات، بەڵام کێ دەزانێت ئیدارەی ترەمپ چ هەڵوێستێکی دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕم وانییە واشنتۆن هەڵبستێت بە هاندانی هەولێر بۆ ئەوەی بەو ئاراستەیەدا هەنگاو هەڵبگرێت.

*** باشە خۆ ئەگەر کوردستان ریفراندۆمیش ئەنجام نەدات، ئایا پێویست بەوە ناکات کە دووبارە پەیوەندییەکی نوێ و شێوەیەکی نوێی کارکردن لە نێوان کوردستان و بەغدا بێتەئاراوە؟**

- بە دڵنیاییەوە دەبێت کارێك ئەنجام بدرێت لەم رووەوە. چونکە واقیعەکە ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی فیعلی هەیە بەسەر هەندێ ناوچەی دەرەوەی قەڵەمڕەویی فەرمیی خۆیەوە، وەك کەرکووك و هەندێ ناوچەی پارێزگای نەینەوا، بەتایبەتی لە دوای هاتنی داعشەوە لە ساڵی ٢٠١٤وە و تەنانەت پێش ئەوەش. کە چارەسەرکردنی ئەم پرسەش کارێکی دژوارە، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی نرخی نزمی نەوت کە هەم لە بەغدا و هەم لە هەرێمی کوردستان پشتی پێدەبەسترێت بۆ راییکردنی کاروبارەکانی دەوڵەت. بەڵام من نازانم ئەم کێشانە چۆن یەکلادەکرێنەوە.

**ئێران و سعودییە هەوڵدەدەن ئەو بۆشاییە سیاسییە پڕبکەنەوە بە چەشنێک کە بە بەهێزبوونی پێگەی خۆیان و لاوازکردنی پێگەی بەرامبەریان بشکێتەوە، هەموو ئەمەش لە چوارچێوەی ململانێی هاوسەنگیی هێزدا ئەنجام دەدرێن**

*** لە پەیوەندی بە دۆخی سووریاوە، ئەوا ئاشکرایە کە داعش لەو وڵاتەدا لە پاشەکشەدایە، بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی سووریا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا داکشانی دەسەڵاتی داعش لەو ناوچەیەدا نابێتەهۆی چڕبوونەوەی ململانێی جیوپۆلەتیکییەکان لە نێوان هێزە ئیقلیمی و هێزە مەزنەکانیشدا بۆ ئەوەی برەو بە دەستڕۆیشتوویی خۆیان بدەن و ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە کە داعش جێی دەهێڵێت؟**

- پێموایە ئەو دۆخەی لەئێستادا لە سووریا هەیە درێژە دەکێشێت و بەردەوام دەبێت کە بریتییە لە بوونی چەند ناوەندێکی هێز لە بەشە جیاوازەکانی وڵاتەکەدا، واتە باوەڕم وانییە رژێمی سووریا، ئیدی بە سەرۆکایەتیی بەشار ئەسەد بێت، یان هەر کەسێکی دیکە بتوانێت کۆنترۆڵی خۆی بەسەر تەواوی وڵاتەکەدا بسەپێنێتەوە. واتە ئێمە رۆژگارێکی دوورودرێژ بەدی دەکەین کە تێیدا میلیشیا جیاوازەکان کۆنترۆڵی فیعلیی واقیعەکەیان بەدەستەوە دەبێت. ئیدی ئەو میلیشایانە سەر بە بەرەی نوسرە، یان ئەلقاعیدە، یان داعش دەبن، ئەوا ئەمە بەندە بەوەی تورکیا و رووسیا و ئەمریکا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلانەدا دەکەن. بەڵام پێموایە تەنانەت ئەگەر تێگەیشتنێکیش لە نێوان هێزە پەیوەندیدارەکاندا دروست بێت لەبارەی لەباربردنی بژارەکانی داعش، یاخود بەرەی ئەل نوسرە لە سووریادا، ئەوا هێشتا ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە رژێمی ئەسەد، یان حکومەتێکی دەرەکی بتوانێت کۆنترۆڵی تەواوی خاکی سووریا بکاتەوە. چونکە لە واقیعدا ئێستا کورد خاوەنی خۆبەڕێوەرییە

لە سووریا، هەروەها چەندین میلیشیاش هەن کە کۆنترۆڵی بەشە جیاوازەکانی وڵاتەکە دەکەن. کەواتە ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە دەسەڵاتێکی بە نامەرکەزیکراو و بۆشایی سیاسی لە سووریادا درێژە دەکێشێت.

*** پێتوایە هێورکردنەوەی دۆخی سووریا و دەستکردن بە گفتوگۆیەکی جددی لێکتێگەیشتنی نێوان هێزە پەیوەندیدارەکان لەخۆدەگرێت؟**

- کێشەکە ئەوەیە بۆ دەستپێکردن بە گفتوگۆ دەبێت رووسیا و ئەمریکا و ئێران ئامادە بن بگەنە رێککەوتن. بەڵام دەبینیت پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا خراپن، پەیوەندییەکانی رووسیا و ئەمریکاش سێبەری ئەو پرسەیان لەسەرە کە پەیوەستە بەوەی تا چ ئەندازەیەك رووسیا دەستێوەردانی کردووە لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٦- واتە ئەمە بۆتە پرسێکی سیاسیی ناوخۆیی لە ئەمریکا-. کەواتە زۆر زەحمەتە ترەمپ بتوانێت رێککەوتن لەگەڵ رووسیادا بکات، بەتایبەتی دوای ئەوەی کۆنگرێس بە زۆرینەی دەنگ سزای نوێی بەسەر رووسیادا سەپاند.

*** کەواتە سەپاندنی ئەو سزایانەش هۆکارێکن بۆ ئەوەی ئەگەری هاوکاریی نێوان رووسیا و ئەمریکا لە بارەی چارەسەرکردنی دۆخی سووریاوە لاوازتر بێت؟**

- ئەمە راستە، هەروەها ئەمە بۆ ئێرانیش راستە، کە ئێرانیش بەشێك بوو لەو وڵاتانەی کە سزای زیاتریان بەسەردا سەپێنرا.

*** لەئێستادا مشتومڕێکی زۆر لە واشنتۆن دەکرێت لە بارەی ئێران و رێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە، کە لەلایەك باس لەوە دەکرێت ئێران بە تەواوەتی پابەند بووە بە رێککەوتنەکەوە، لەلایەکی دیکەوە هەوڵێك هەیە بە ئاراستەی ئەوەی پێویستە ئەمریکا سیاسەتی توندتر لە ئاست ئێراندا بگرێتەبەر، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئەوە روونە کە سەرۆکی ئەمریکا دەیەوێت رێککەوتنە ئەتۆمییەکە هەڵبوەشێنێتەوە، هەوڵی ئەوەش دەدات وا دەربکەوێت کە ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی ئێران بێت، بەڵام دوچاری دژوارییەکی زۆر دەبێتەوە لەوەی بتوانێت قەناعەت بە چوار ئەندامەکەی ئەنجومەنی ئاسایش و ئەڵمانیا و یەکێتیی ئەوروپا بکات کە شوێن پێی سیاسەتەکانی هەڵگرن لەم رووەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتنەکە، بەڵام ئاشکرایە کە ئەو دەیەوێت ئەم کارە بکات.

*** باشە ئەوە روونە کە ئەمریکا ناتوانێت لە رووی یاساییەوە و یەکلایەنە لە رێککەوتنەکە بکشێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هاتوو ئەم رێککەوتنە هەڵوەشێنرایەوە، ئایا ئاکامەکانی چی دەبن لەسەر ناوچەکە کە خۆی لە خۆیدا ناوچەیەکی پڕ لە تەنگژە و تەنگوچەڵەمەیە؟**

- لە حاڵەتی هەڵوەشانەوەی رێککەوتنەکەدا ئێران دەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی دەکاتەوە و رێز لەو سنووربەندییانە ناگرێت کە لەنێو رێککەوتنەکەدا هاتوون و ئەو کاتەش قسە و باسی گرتنەبەری کردەوەی سەربازی دێتەئاراوە.

*** دوایین پرسیارمان لەبارەی پێشبینییەکانتانە بۆ داهاتووی ئەم ناوچەیە، ئایا پێتوایە رەوتی رووداوەکان ئەم ناوچەیە بە چ ئاقارێکدا دەبەن؟ ئایا هیچ پەرەسەندنێکی ئیجابی دەبینرێت لە ئێستادا کە مایەی گەشبینی بێت؟**

- بەداخەوە نەخێر. ئەویش لەبەر سێ هۆکار. یەکەمیان پێدەچێت تا ماوەیەکی دیکەش نرخی نەوت بە نزمی بمێنێتەوە بە بەراورد بەو نرخەی کە لە رابردوودا هەیبوو، ئەمەش بە مانای کەمبوونەوەی سەرمایە دێت لەم ناوچەیەدا. دووەمیان، من لە ئایندەی نزیکدا ئەگەری دووبارە بنیادنانەوەی دەوڵەت بەدی ناکەم لەو وڵاتانەدا کە دەوڵەت بە تەواوی داڕووخاوە، یان رووبەڕووی تەحەددیی جددی بۆتەوە. سێیەمیان پێموانییە ئەمریکا و رووسیا بتوانن بەرنامەیەکی هاوبەش گەڵاڵە بکەن بۆ سەقامگیرکردنەوەی هەندێ لەم ناکۆکی و شەڕانە. لەلایەکی دیکەوە ئێمە ئەوە بەدی دەکەین کە ئەمریکا هەڵوێستی رووبەڕووبوونەوە دەگرێتەبەر لەگەڵ ئێراندا کە کاریگەری لەسەر هەموو ئەم پرسانە دەبێت لە عێراق و لە سووریا و یەمەن و ناوچەی کەنداو. لەبەر ئەوە من زۆر رەشبینم لەم رووەوە.

**دەستڕۆیشتوویی ئێران زیاتر لە عێراق و سووریا و لوبناندا بەدی دەکرێت، پەیوەندی ئێران بە قەتەرەوە پەیوەندیی دۆستانە و کارکردنە و ناکرێت بڵێین قەتەر دەبێتە هاوپەیمانێکی بەهێزی ئێران**


# بەرهەمە پێشوەختەکانی جارِدانی (ریفراندۆم ) بۆ (سەربەخۆیی)

گومان لەوەدا نییە بەدەستهێنانی (سەربەخۆیی) و دامەزراندنی (دەوڵەتی کوردستان ) بەرهەمی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی گەورەی دەبێت کە جێگای باسی ئەم وتارە نین کە تەرخان کراوە بۆ باسکردنی بەرهەمە پێشوەختەکانی جارِدانی (ریفراندۆم) بۆ (سەربەخۆیی) کە دەکرێت لەم خاڵانەدا چڕبکرێنەوە:

١ - جارِدانی (ریفراندۆم ) بۆ (سەربەخۆیی) هەوێنی یەکڕیزی و یەکخستنەوەی ماڵی کوردە، چونکە هۆکاری سەرەکیی بەلاوەنانی کێشە ناوخۆییە لاوەکییەکانی نێوان هێزە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی هەرێمی کوردستانە کە هیواداریـن ئەنجامەکانی بەم نزیکانە ببینین.

٢ - جارِدانی (ریفراندۆم) بۆ (سەربەخۆیی) سڕینەوەی (شەرم) و (خۆ بەکەم زانینە) لای تاکی کورد. کەم نین ئەو جارانەی کە کاتێك پرسیار لە بەرپرسە سیاسییەکانی کوردستان دەکرا، ئایا هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەدەن؟ گوێبیستی ئەم وەڵامە دەبووین: «لافی ئەو شکۆمەندییە لێنادەم و تاوانێکە پاکانەی لێناکەم.» ئەمڕۆ لە ئەنجامی جارِدانی (ریفراندۆم) بۆ (سەربەخۆیی) نەك بەرپرسە سیاسییەکان، بەڵکو مرۆڤە ئاساییەکانی کوردستان هاواردەکەن: « شکۆمەندیە بۆ ئیمە کار بۆ دەستهێنانی (سەربەخۆیی) و دامەزراندنی (دەوڵەتی کوردستان ) بکەین کە دوژمنانی نەتەوەکەمان بە تاوانی دەزانن.»

٣ - جارِدانی (ریفراندۆم ) بۆ (سەربەخۆیی) هۆکاری باسکردن و شرۆڤەکردنی دۆزی کوردە لەسەر ئاستە نیشتمانی و هەرێمی و نێودەوڵەتی بەشێویەکی فراوان. لەو ماوە کورتەی دوای جارِدانی (ریفراندۆم ) بۆ (سەربەخۆیی)، دەیان کۆڕ و پانێل و کۆنفرانسی ئاشکرا و نهێنی لەسەر دۆزی کورد ئەنجامدراوە و سەدان وتار و لێکۆڵینەوە، لە رۆژنامەو گۆڤارە بەناوبانگەکانی جیهاندا بڵاوکراونەتەوە کە لە زۆرینەیاندا باس لەو ستەم و تاوانانە کراوە کە بەرامبەر نەتەوەی کورد ئەنجامدراوە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە. بێگومان



پ. د. ئازاد نەقشبەندی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

بایەخدان بەم شێوە فراوانە، دوای جاڕدانی (ریفراندۆم) بۆ (سەربەخۆیی) کارێکی سرووشتییە، چونکە نابێت چاوەڕوان بین کەسانێك (ئەگەر دۆستی زۆر نزیکیش بن)، داوای شتێکت بۆ بکەن، تۆ خۆت داوات نەکردووە، یان کار بۆ شتێك بکەن، تۆ خۆت کارت بۆ نەکردووە.

٤ - جاڕدانی (ریفراندۆم ) بۆ (سەربەخۆیی) خاڵی یەکلاکەرەوەی دیاریکردنی دۆستان و دوژمنانی نەتەوەکەمانە. هەرچەندە (کورد) لە کۆنەوە دۆست و دوژمنی خۆی ناسیوە، بەڵام ئەمرۆ رەش و سپی، دۆست و دوژمن، لەیەك جیادەکرێتەوە. پەیڕەوکردنی پرەنسیپی پێوانەکردن بە دوو پێوەری (بۆ من رەوایە بۆ تۆ نا) لەلایەن نەیارانی نەتەوەکەمان خاڵ لەسەر هەموو پیتەکان دادەنێت.

لێرەدا جێی خۆیەتی لە برا ئایینییەکانمان بپرسین: تا چەند پابەندی فەرموودەی پێغەمبەری ئیسلامن (درودو سڵاوی خوای لەسەر بێ ) کە فەرموویەتی: «ئیمانتان تەواو نابێت تا ئەوەی بۆ خۆتان پێتان خۆشە بۆ براکانیشتان پێتان خۆش بێت». لە (شانشینی یەکگرتوو) یان (بەریتانیای مەزن) دەپرسین: ئایا (عێراق) تان لە (شانشینی یەکگرتوو) زیاتر خوش دەوێت؟ بۆیە یەك پارچەیی (عێراق) تان لە یەك پارچەیی (شانشینی یەکگرتوو) لا گرنگترە؟ ئایا لە بیرتان کردووە، بە جیابوونەوەی (سکۆتلەندە)، (شانشینی یەکگرتوو) بە یەکگرتوویی و (بەریتانیای مەزن)یش بە مەزنی نامێنێتەوە؟

٥ - جاڕدانی (ریفراندۆم ) بۆ (سەربەخۆیی) خاڵی جیاکەرەوەی (وتن)و (کردار)ی لایەنە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی هەرێمی کوردستانە، چونکە راست و دروستی بڕوابوون و کارکردن بۆ جێبەجێکردنی (دروشمەکان ) دەسەلمێنێ. پارت و لایەنە سیاسییەکان بە کردار دەیسەلمێنن تا چەند بڕوایان بە دروشمەکانیان هەیە؟ ئایا دروشمی راست و بڕواپێکراون، یان خوانەخواستە بۆ چەواشەکاری بەرز کراونەتەوە؟

لە ئایندەیەکی نزیکدا پەردە لەسەر زۆرینەی راستییەکان و نهێنییەکان هەڵدەماڵدرێت.



**گەلی کلدانی سریانی ئاشووری، هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و پێشتریشەوە دوچاری کارەسات و کۆمەڵکوژیی جۆراوجۆر بوونەتەوە، دوایین جاریشیان لەسەر دەستی داعش بوو، بەڵام ئەوان لە کوردستان هەست بە ئاسایش و دڵنیایی دەکەن. بۆ قسەکردن لەسەر دوایین پەرەسەندنەکانی هەرێمی کوردستان، کە دیارترینیان پرسی ئەنجامدانی ریفراندۆم و بەشداری پێکهاتەکانی هەرێمە لەم پرۆسەیەدا، بەتایبەتی پێکهاتەی مەسیحییەکان، چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ رۆمیۆ هەکاری سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی بەیت نەهرین سازدا.**

**ئەو قەیرانە ئابوورییەی لە کوردستاندا هەیە، بەشی زۆری بەغدا لێی بەرپرسیارە. ئەگەر وانەبووایە رەنگە مەسەلەی ریفراندۆم دوابخرایە بۆ کاتێکی دیکە**

*** لە دامەزراندنی حکومەتی عێراقەوە بەردەوام مەسیحییەکان لەعێراق کۆچ دەکەن و لە بارودۆخێکی خراپدان، دوای داعش و ئاوارەبوونی زۆربەی مەسیحییەکانی موسڵ و دەشتی نەینەوا؛ دەکرێت بزانین ئێستا بارودۆخی مەسیحییەکان بەگشتی لەعێراق و لە ناوچەکەدا چۆنە؟**

- گەلی (کلدانی سریانی ئاشووری) لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە هەمیشە لە بارودۆخێکی ناخۆش و پڕ کێشە و مەترسیدار بووە، لە رووی نەتەوەیی و ئایینییەوە زوڵمێکی زۆریان لێکراوە، دووچاری چەندەها جینۆساید بۆتەوە، لەساڵی ١٩١٤ و ١٩١٥ یەك ملیۆن و ٥٠٠ هەزار خەڵکی ئێمەی لە ئاشووری و ئەرمەنی بەدەستی سوپای دەوڵەتی عوسمانی شەهید بوون، بە ملیۆنەها کەس ئاوارە و دەربەدەر کران. هەروەها جارێکی تر لە ٧ی ئابی ١٩٣٣ لە لایەن سوپای عێراق لە سمێڵ رووبەڕووی کۆمەڵکوژی بوونەوە کە ٥ هەزار خەڵکی مەدەنی ئاشووری کوژران، دەیان هەزار کەسیش ئاوارە بوون، یان وڵاتیان جێهێشت. ئەوە بوو لەهەفتەی رابردوودا یادی ٨٤ ساڵەی ئەو کۆمەڵکوژییەمان کردەوە، هاوکات هەر لەلایەن سوپای عێراقەوە لەساڵی

رۆمیۆ هەکاری

سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی بەیت نەهرین بۆ گوڵان:

# مەسیحییەکانی عێراق و کوردستان هەڵوێستی جوامێرانەی سەرۆک بارزانی لەبیر ناکەن

**لەدوای ئەنجامدانی ریفراندۆم و دەرکەوتنی ئاکامەکەی هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئیجابییانە دەگۆڕێت**

١٩٦٩ مەسیحییەکان رووبەڕووی کۆمەڵکوژییەکی تر بوونەوە لەگوندی سووریا. هەروەها لە ساڵی ٢٠١٠ لە کەنیسەی (سیدة النجاة) خەڵکێکی زۆر کۆمەڵکوژ کران. دواترینیان ئەوە بوو — کە هیواداریـن ئەمە دواییـن کارەسات بێت- لەساڵی ٢٠١٤دا روویدا، کاتێك رێکخراوی تیرۆریستی داعش موسڵی داگیرکرد و دەستی بەسەر سەرجەم شوێنە پیرۆزو شوێنەوارەکانی گەلی ئێمەدا گرت و خاپووری کردن لە دەشتی نەینەوا، ئەوەش بووە هۆی دەربەدەربوونی ٢٠٠ هەزار مەسیحی. بەگشتی مەسیحییەکان لە رۆژی نیشتەجێبوونیان لە عێراقدا خۆشی و ئاسودەییان نەدیوە. هیوادارم لە عێراقێکی نوێدا، نەك عێراقێك کە بەو شێوەیەی ئێستا حوکمڕانی دەکرێت و لە هەرێمی کوردستان خەڵکی ئێمە داهاتوویەکی روونتر و ئاسوودەتریان هەبێت، بۆ ئەوەی وەك سەرجەم گەلانی دنیا بەو شێوەیە ژیان بەسەر بەرن کە دەیانەوێت.

*** باسی دەربەدەری مەسیحییەکانت کرد لەدوای هاتنی تیرۆریستانی داعش؛ لەو کاتەدا سەرۆك مسعود بارزانی بڕیاری دا هەموو دەروازەکانی کوردستان واڵابێت لەبەردەم ئاوارەکاندا بەبێ ئەوەی جیاوازی لەنێوان هیچ نەتەوەو ئایینزایەکدا بکرێت، ئەم هەڵوێستەی جەنابی سەرۆك و خەڵکی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- هەڵوێستی سەرۆکی کوردستان و خەڵکی کوردستان و هێز و لایەنە سیاسییەکان، هەڵوێستێکە ناکرێت لەبیر بکرێت. چونکە ئێمە نەك هەر تەنیا لەدوای هاتنی داعشەوە، بەڵکو هەر لەدوای رووخانی رژێمی بەعسەوە و بەتایبەتی لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ـەوە بووینە قوربانیی دەست رێکخراوە تیرۆریستییە توندڕەوە ئیسلامییەکان کە لە عێراقدا دەرکەوتن و دەستیان کرد بە راوەدوونان و رفاندنی خەڵکی مەسیحی. ئەمە وایکرد ٩٠٪ی مەسیحییەکان لەشارە گەورەکانی عێراقدا بوونیان نەمێنێت، بەتایبەتی لە بەغدا، کە قورسایی ئێمە لە بەغدا بوو. بەمەش ژمارەی مەسیحییەکان لەعێراقدا بۆ ٥٠٠ هەزار کەس کەمی کرد لەکاتێکدا ژمارەیان لە ساڵانی هەشتاکان یەك ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کەس بوو. بە دەیان هەزار کەس لە خەڵکی مەسیحی دوای هاتنی داعش ناچاربوون

**خەڵک و سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمیان داوە. خۆ ئەگەر کەمترین کەموکوڕی لەلایەن بەغداوە هەبێت، ئەوا ئەم مەسەلەیە- پرسی ریفراندۆم- بەرەوپێش دەچێت، واتە لەم حاڵەتەدا بەغدا زیانی بەردەکەوێت، بۆیە ئەمجارە دەبێت بەغدا لەگەڵ خۆی و هەرێمی کوردستان راستگۆ بێت**

لە وڵاتانی دەوروبەر ژیان بەسەربەرن. هەروەها لەدوای ئازادکردنی دەشتی نەینەواش مەسیحییەکان نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانیان، گرنگترین ئاستەنگیش لەبەردەمیاندا فاکتەری ئەمنییە، بەتایبەتی لە شارۆچکەی بەرتلە کە خەڵکی هەست بە ئاسایش و دڵنیایی ناکەن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. ئەو مەسیحییانەش کە وڵاتیان جێنەهێشتووە لە کوردستاندا نیشتەجێ بوون، بەتایبەتی دوای هەڵوێستی جوامێرانەی کاك مسعود بارزانی کە رایگەیاند دەروازەکانی کوردستان والایە بۆ کلدوئاشوورییەکان و بۆ مەسیحییەکان، کە ناکرێت ئەم هەڵوێستە لەبیر بکرێت لە ئێستا و لە داهاتووشدا.

*** باس لەوە دەکرێت پێویستە دەشتی نەینەوا بکرێتە پارێزگا بۆ مەسیحییەکان، راوبۆچوونی ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟**

-ئەمە تاکە رێگاچارەیە. پێشتر و لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٠وە سەرجەم هێزو لایەنە سیاسییەکانی گەلەکەمان رێککەوتووین لەسەر ئەوەی دەشتی نەینەوا بکرێتە پارێزگایەك بۆ نەتەوەو خەڵکی ئێمەو لەژێر پارێزگاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بێت. چونکە ئەوەی بەرامبەر مەسیحییەکان و پێکهاتەو ئایینزاکانی موسڵ و دەشتی نەینەوا روویدا لەپێش چاوی سوپاو حکومەتی عێراقی بوو کە بەو هەموو فیرقە سەربازییەوە نەیتوانی ٥ کاتژمێر بەرگری بکات، هەربۆیە ئێمە پێمانوایە بۆ رێگەگرتن لە دووبارەبوونەوەی ئەو کارەسات و کۆمەڵکوژییانەی بەسەر خەڵکی ئێمەدا هاتووە تا رێگاچارە ئەوەیە دەشتی نەینەوا — کە ناوچەیەکی مێژووییەو ٧ هەزار ساڵە باوك و باپیرانمان لەوێ نیشتەجێن- بکرێتە پارێزگاو خۆمان ئیدارەی ناوچەکانی خۆمان بکەین، ئەم پرۆسەیەش لەژێر چاودێری و پارێزگاری نێودەوڵەتیدا بکرێت. تا ئەو کاتەی دەتوانین لە رووی ئاسایشەوە بەرگری لە خۆمان بکەین بە چەشنی سەرجەم گەلانی دنیا.

*** راوبۆچونتان چییە لەبارەی گەڕانەوەی ئەم ناوچانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان؟**

- بۆ مەسەلەی گەڕانەوەی ناوچەکانی دەشتی نەینەوا بۆ سەر هەرێمی کوردستان ئێمە پێمان باشە ئەو پرسە بۆ دوای ئاسایی بوونەوەی دۆخەکە دوابخرێت، چونکە تا ئێستا مەسیحییەکان لەئاوارەیی و دەربەدەریدان و ئازار دەچێژن و لە دۆخێکی خراپدان و رەنگە نەکرێت لە ئێستادا ئەو پرسیارەیان لێبکرێت. بەڵام دەبێت ئێمە هەڵوێستی سەرۆکی کوردستان و خەڵکی کوردستانمان لەبەرچاو بێت کە دەروازەکانی ئەم هەرێمەیان بە رووی خەڵکی مەسیحیدا والاکرد و بە دڵنیاییەوە دەبێت لەم روانگەیەوە بڕیاری کۆتایی خۆیان بدەن. هەروەها دەبێت ئەو راستیەشیان لەبەرچاو بێت کە کێ مەسیحییەکانی کوشتووە و کێ ئاوارەی کردوون و کێ دالدەی داون. لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی ئێمە ئازادن چۆن بڕیار دەدەن و حزب و لایەنە سیاسییەکانی ئێمە بە تەنیا بڕیار لەو مەسەلەیە نادەن.

***لە ئیجماعێکی نیشتمانیدا بڕیاردرا رۆژی ٢٥ی ئەیلول بکرێتە رۆژی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان و ئێوەش وەکو نوێنەری بەشێکی زۆری مەسیحییەکان لەو کۆبوونەوانە بەشدار بوون، پرسیار ئەوەیە ئایا بۆ مەسیحییەکان سەربەخۆیی کوردستان چی دەگەیەنێت؟**

- لەو کۆبوونەوەیە و سەرجەم کۆبوونەوەکانی تر ئێمە بەشدار بووین و تەنانەت بەشدارین لەو شاندەی بۆ دانوستاندن دەچێتە بەغداو دەرەوەی وڵات. بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە دەشتی نەینەواوە هەبێت، ئەوا هەندێك حزب و لایەنی سیاسی تا ئەم ساتە هەڵوێستێکی تریان دەربارەی ریفراندۆم هەیە، ئێمەش تێڕوانینمان وابووە کە دەشتی نەینەوا تایبەتمەندی خۆی هەیە و پێویستە ئەو تایبەتمەندییە بپارێزرێت. هۆکارەکەش هەروەك ئاماژەم پێکرد، ئەوەیە خەڵکی ئێمە لە ئاوارەییدایە و رەنگە هەر پرسیارێکیان لێ بکرێت لەبارەی دوارۆژەوە بە ئاسایی وەری نەگرن. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە دژی ریفراندۆم بین، بەپێچەوانەوە حزبەکەی ئێمە و بەشێکی زۆری حزب و لایەنە سیاسییە کلدو ئاشوورییەکان پشتیوانیمان لە ریفراندۆم کردووە، بەڵام داوامان کردووە مافەکانمان لە رووی یاسایی و دەستوورییەوە پارێزراو بن. ئەمڕۆ ئێمە لە سیستەمی ئیدارەیی و سیاسیی کوردستان — کە خۆی هەرێمە- داوای ئۆتۆنۆمی دەکەین کە لە مادەی ٣٥ی رەشنووسی دەستووری کوردستان جێگیرکراوە، بەڵام لە حاڵەتی گەشەکردنی هەرێمدا بۆ دەوڵەت، ئەو کاتە سەقفی داواکاری ئێمەش بەرزتر دەبێتەوە و کوردستانیش دەبێت داواکارییەکانی ئێمە بە ئاسایی وەربگرێت و زەمانەتی یاسایی و دەستووریمان پێ بدرێت. لەلایەکی ترەوە هەندێك کێشەی زەوی و زارو موڵکایەتی لەدەڤەری بادینان هەیە، پێویستە چارەسەر بکرێت، هەروەها پێمان باشە ئەو یاسایەی لە پەرلەمانی کوردستان لەبارەی مافی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان دەرچووە، جێبەجێ بکرێت، واتە وەك پێکهاتەیەکی جیاواز مافی ئەوەمان هەیە داهاتوویەکی مسۆگەرمان هەبێت. هەروەها ئاشوورییەکان لە سەرجەم شۆڕشە

**حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق ماوەی ١٠ ساڵە هەموو بەڵێن و پەیمانێکیان کە بە کوردستانیان داوەو جێبەجێیان نەکردووە، کە پەیوەندییان هەبووە بە دۆسێی بودجە و پێشمەرگەو ماددەی ١٤٠ی دەستوور و نەوت و غاز و دەیان بابەت و پرسی دیکە**

**ئاشوورییەکان لە سەرجەم شۆڕشە کوردستانییەکان بەشداربوون و رۆڵی باڵایان هەبووە لە رووی سیاسی و ئیداری و سەربازییەوە. کەواتە دەبێت ئەو شوێنپەنجەیە بمێنێت و رێزیشی لێبگیرێت**

**ئەمڕۆ ئێمە لە سیستەمی ئیدارەیی و سیاسیی کوردستان — کە خۆی هەرێمە- داوای ئۆتۆنۆمی دەکەین کە لە مادەی ٣٥ی رەشنووسی دەستووری کوردستان جێگیرکراوە، بەڵام لە حاڵەتی گەشەکردنی هەرێمدا بۆ دەوڵەت، ئەو کاتە سەقفی داواکاری ئێمەش بەرزتر دەبێتەوە**

کوردستانییەکان بەشداربوون و رۆڵی باڵایان هەبووە لە رووی سیاسی و ئیداری و سەربازییەوە. کەواتە دەبێت ئەو شوێنپەنجەیە بمێنێت و رێزیشی لێبگیرێت.

*** مەسیحییەکانیش لەناو ئەو لێژنە باڵایەن کە بڕیارە لەم ماوەیەدا سەردانی بەغدا بکات و بۆ پرسی ریفراندۆم و چەند کێشەیەکی تر گفتوگۆو دانوستاندن لەگەڵ بەغدا بکات، ئایا ئێوە هیچ ئومێدێکتان هەیە بەو گفتوگۆیانە بەتایبەتی لەکاتێکدا حکومەتی عێراق رایگەیاندووە کە ئەوان دان بە دەرئەنجامی ریفراندۆمدا نانێن؟**

- حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق ماوەی ١٠ ساڵە هەموو بەڵێن و پەیمانێکیان کە بە کوردستانیان داوە جێبەجێیان نەکردووە، کە پەیوەندییان هەبووە بە دۆسێی بودجە و پێشمەرگەو ماددەی ١٤٠ی دەستوور و نەوت و غاز و دەیان بابەت و پرسی دیکە. کەواتە کاتێك ئەم بێ باوەڕی و بێ متمانەییەی کە زیاتر لە ١٠ ساڵە کەڵەکە بووە، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەبێت هەوڵبدەین رێگاچارەی دیکە بدۆزینەوە بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە. چونکە ئەو قەیرانە ئابوورییەی لە کوردستاندا هەیە، بەشی زۆری بەغدا لێی بەرپرسیارە. ئەگەر وانەبووایە رەنگە مەسەلەی ریفراندۆم دوابخرایە بۆ کاتێکی دیکە، ئەگەرچی خواستی سەربەخۆیی مەسەلەیەکی دیکەیە. بۆ نموونە، وەکو ئاشووری پێمان باشە ئەمڕۆ لە بری بەیانی ئاشووری سەربەخۆ بێت و کیان و دەوڵەتی خۆی هەبێت، واتا کوردستانیش مافی سرووشتی خۆیەتی دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت، بەرەچاوکردنی تایبەتمەندێتی هەرێمەکە لەبوونی نەتەوەو ئایینزای جیاجیاوە کە وا پێویستە سیستەمێکی سیاسی و ئیداری وا دروست بکەین لەخزمەتی ئایندەی سەرجەم پێکهاتەکاندا بێت، چونکە هونەرێکی گەورەیە کوردستان بۆتە نموونەی پێکەوەژیان نەك هەر لە سەر ئاستی عێراق، بەڵکو لەسەر ئاستی سەرجەم رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. کەواتە گرنگە ئەم تایبەتمەندییانە بپارێزرێت لە پێناو بەهێزکردنی پێکەوەژیاندا، بۆ ئەوەی هەموو نەتەوەو ئایینزاکان لەخزمەتی پرۆسەی دیموکراتییەت و داهاتوودا بین.

*** لێژنەیەکی باڵای ریفراندۆم پێکهاتووە کە بڕیارە بچێتە بەغدا، ئایا تەوەرەکانی کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ بەرپرسانی بەغدا چۆن دەبن؟**

- لێژنەکە پێکهاتووە لە ٧ ئەندام کە دکتۆر رۆژ نوری شاوەیس سەرۆکایەتی دەکات و لە نوێنەرانی ( پارتی – یەکێتی – یەکگرتوو- تورکمان – ئاشووری- ئێزیدی ) پێکدێت و دکتۆر فوئاد حوسێن-یش لە خۆدەگرێت. لە سەردان و گفتوگۆکاندا لەگەڵ بەغدا لەوێ و لە میانەی گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان باس لە ریفراندۆم و باسی پرسی سەربەخۆییشیان لەگەڵ دەکەین. لەوانەشە لەئەنجامی دانوستاندنی هەرێم لەگەڵ بەغدا شتێکی نوێ دەست بکەوێت. بەتایبەتی لەمەسەلەی چارەسەرکردنی کێشە کەڵەکەبووەکانی ١٠ ساڵی رابردوو، خۆ ئەگەر بەغدا زەمانەتی جێبەجێکردن بدات، ئەوا رەنگە لە داهاتوودا قسەی دیکە هەبێت.

*** ئایا لە سەردانەکەتاندا بۆ بەغدا تەنیا کۆبونەوە لەگەڵ لایەنە عێراقییەکاندا دەکەن، یاخود هەوڵدەدەن کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەری وڵاتانی وەك ئەمریکاشدا ئەنجام بدەن؟**

-شاندەکەی ئێمە نوێنەری ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتووەکان دەبینێت لە بەغدا، ئەوانیش هەر لە پەیوەندیدان و خەمخۆری ئەوەن کە کێشە دروست نەبێت بەهۆی ریفراندۆم، یان لە ئەنجامی ریفراندۆمەوە. واتە ئەوان سات بە سات چاودێری هەنگاوەکان دەکەن لەم رووەوە، بەتایبەتی پرسی ئەوەی گفتوگۆکان لەگەڵ بەغدا چۆن کۆتاییان دێت. ئەگەر ئەرێنی بێت، ئەوانیش پێیان خۆشە. لە راستیدا منیش ئەو قسەیەم کردووە کە بەغدا ١٠ ساڵ و زیاترە کە بەڵێن دەدات و جێبەجێی ناکات، بەڵام ئەمجارە دۆخەکە جیاوازترە لە هەل و مەرجەکانی پێشوو. ئەوەتا خەڵك و سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمیان داوە. خۆ ئەگەر کەمترین کەموکوڕی لەلایەن بەغداوە هەبێت، ئەوا ئەم مەسەلەیە- پرسی ریفراندۆم- بەرەوپێش دەچێت، واتە لەم حاڵەتەدا بەغدا زیانی بەردەکەوێت، بۆیە ئەمجارە دەبێت بەغدا لەگەڵ خۆی و هەرێمی کوردستان راستگۆ بێت.

*** چۆن لە هەڵوێستی وڵاتانی دەوروبەر دەڕوانیت لەبارەی ریفراندۆمەوە؟**

- ئاشکرایە هەڵوێستی وڵاتانی دەوروبەرمان لەسەر ریفراندۆم باش نییە و بگرە هەندێکیشیان خراپە، هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بەو شێوەیە باش نییە کە ئێمە دەمانەوێت. بەڵام من بڕوام بە راوبۆچوون و هەڵوێستی ئەوان نییە لە ئێستادا. من چاوەڕوانی هەڵوێستی ئەوان دەکەم ئەگەر ریفراندۆم ئەنجام درا، کە دڵنیام –ناڵێم لە ١٠٠٪- بەڵام لە ٧٥٪ هەڵوێستیان دەگۆڕدرێت و دەبێتە هەڵوێستێکی ئیجابی لەبارەی ریفراندۆمەوە، ئەمە خوێندنەوەی شەخسی منە.

**بۆ رێگەگرتن لە دووبارەبوونەوەی ئەو کارەسات و کۆمەڵکوژییانەی بەسەر خەڵکی ئێمەدا هاتووە تا رێگاچارە ئەوەیە دەشتی نەینەوا – کە ناوچەیەکی مێژووییەو ٧ هەزار ساڵە باوک و باپیرانمان لەوێ نیشتەجێن- بکرێتە پارێزگاو خۆمان ئیدارەی ناوچەکانی خۆمان بکەین**

**بە دەیان هەزار کەس لە خەڵکی مەسیحی دوای هاتنی داعش ناچاربوون لە وڵاتانی دەوروبەر ژیان بەسەربەرن. هەروەها لەدوای ئازادکردنی دەشتی نەینەواش مەسیحییەکان نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانیان، گرنگترین ئاستەنگیش لەبەردەمیاندا فاکتەری ئەمنییە**

**مەسیحییەکان لە رۆژی نیشتەجێبوونیان لە عێراقدا خۆشی و ئاسودەییان نەدیوە. هیوادارام لە عێراقێکی نوێدا، نەک عێراقێک کە بەو شێوەیەی ئێستا حوکمڕانی دەکرێت و لە هەرێمی کوردستان خەڵکی ئێمە داهاتوویەکی روونتر و ئاسوودەتریان هەبێت**

# بۆچی بیر لە دەوڵەت دەکرێتەوە؟


## دەوڵەت لە ڕوانگەی (تۆماس هۆبز)ەوە

بیری سیاسیی کۆن بەو ئاڕاستەیە لە چەمکی دەوڵەت تێگەیشتبوو کە کارێکی سرووشتییە، یان ویستێکە خوداوەندەکان گەرەکیانە و لەوێشەوە بەرەو دەسەڵات، بیرۆکەی دەوڵەتی خستە زەینی ئەو قەوارانەی کە هێشتا جوگرافیایەکیان نەبوو بۆ پاراستنی شوناس، دواجار ئەم بیرۆکەیە لە ڕێگەی تیۆری سیاسییەوە بەرجەستە بوو، پاشان بوو بە مۆدێلی پاراستنی بەرژەوەندیی کۆمپانیا زەبەلاحەکان، لەمبارەیەوە بیروڕایەکی تۆماس هۆبز (١٥٨٨_١٦٧٩ ز) هەیە کە بە ڕەهادانانی ویست و حەز و ئارەزوو باسی لە دەوڵەت کردووە. ئەو دەڵێ دەوڵەت لەسەر بنەمای (شەڕی گشتە لەدژی گشت) کە پێشتر قسەمان لەبارەیەوە کرد، لەبارەی زەرووەرتی بوونی دەوڵەتیشەوە، باس لەوە دەکات کە دەوڵەت لەسەر شەڕی هەمووان دژ بە هەموو دادەمەزرێت کە توانای تاکێک بە توانای عەقڵی ئەو تاکەوە پڕدەبێتەوە، لەلایەکی ترەوە هۆبز مافی سرووشتیی مرۆڤ، بۆ ئەوە پاڵ پێوەدەنێ کە باری سرووشتی جێبهێڵێ و بچێتەوە ژێر دەسەڵاتی هاوبەش، یاخود یەك دەسەڵاتی حوکمڕان و بە ناچار پەیمان ببەستێت و لە ئەنجامیشدا ئەو تاکە کە لە کۆمەڵگەیەکی سیاسیدا ژیان بەسەر دەبات، لەوێشەوە بۆ پاراستنی شوناسی قەوارەکەی، هەر بۆیە لەسەریەتی لە ئەرکدا تا ئەو جێگەیە کە دەسەڵات فەرمانڕەوایی دەکات، پەیڕەوی لە سیستەم بکات، بەڵام ئایا دەکرێ ئەوەی کە پەیمانی داوە بە دەسەڵات، ملکەچی ئەو سیستەمە بێت، وەکو جۆرە گواستنەوەیەکی ماف بە گرێبەستی سیاسییەوە، لە ئاستی دەستەبژێری سیاسیشدا بەجێگەیاندنی ئەو مەبەستە سیاسییەی کە خەباتی بۆ کراوە، بەتایبەتی ئەو نەتەوانەی کە تاکو سەدەی ٢٠یش خاوەنی شوناسی دەوڵەتی نەبوون.

سەرەنجام کە ئێمە تیۆرەکەی تۆماس هۆبزمان وەرگرتووە لە تیۆرەکەی خۆیدا باس لەسێ هۆکاری بنچینەیی دەکات بۆ درووستکردنی دەوڵەت، ئەویش بریتییە لە (شەڕی ململانێ و مان و خۆ بەگەورە زانین).

١: ململانێ: تۆماس هۆبز پێی وایە کە مرۆڤ لەژێر ئەو کاریگەرییە نەرێنییە والێدەکات هەمیشە شەڕانگێز بێت، تاکو هەرچی زیاتر دەستکەوتێکی تەنیا بۆخۆی هەبێت، ئەوانی دیکەش پاشکۆی ئەو گرووپەبن کە دەسەڵات بەدەست دەگرن، لەحاڵێکدا ململانێ ئەگەر لەرابردوودا بۆ سڕینەوە بوویێت لەسەر خاك، یان سڕینەوەی نەتەوە وەکو شوناس، ململانێکان ئێستا شێوازێکی دیکەن کە لە ڕێگەی ئابووری و سیاسیدایە و بۆ نەهێشتنی هەژموونی سیاسییە بە سەر ئەوانی دیکەدا، ململانێی ئەمریکا و رووسیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەسەر نەهێشتنی هەژموون و پێگەی سیاسی و ئابووری بوو لە وڵاتانی عەرەبی کە پێشتر سەر بە وڵاتانی بەناو یەکێتی سۆڤیەت بوو، بەردەوامبوونی سیناریۆ سیاسییەکان و شەڕی بازاڕی نەوت و چەك فرۆشتن و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و شەڕی نوێکردنەوەی بەرەی کۆن لە دژی یەکتر، جۆرێکی دیکەی ململانێی سیاسییە لەسەر گۆڕەپانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەم ململانێ-یە کە ورد دەکرێتەوە بۆ نەتەوە و تایفە مەزهەبییەکان، باشتر بیرۆکەی دەوڵەتی تێدا دەبینرێ، چونکە توندوتیژیی فکری مەزهەبی ڕێگەنادات نەتەوەیەك، یان گرووپێکی دیکەی بێ قەوارە شوناسی تایبەتی خۆی هەبێت، باشترین نموونەش عێراق و پێکهاتە سیاسی و مەزهەبییەکانە بەرامبەر بە کورد.

٢: گومان: نەبوونی متمانە لەنێوان ئینسانەکاندا کاریگەری نەرێنی دەبێت بۆ ئەوەی هەمیشە لە وەهمێکدا بێت کە تاکەکانی دیکە نەتوانن هێرشی بکەنە سەر و هەمیشە ئەم تاکە هێرشبەر بێت، تاکو تخوبی خۆی بپارێزێ و هەیبەتی بمێنێ و ببێتە خاوەن ناوبانگێکی دیار، ئەمەش بەدەوڵەت نەبێت



سمكۆ محەمەد

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ناكرێ، ئەم گومانە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە كە پێشتر قەوارە كۆمەڵایەتییەكان كە بریتی بوون لە خێڵ و بنەماڵە و قەوارەی ئایینی كە تێكەڵەیەك بوون لە هێزی جەماوەری و كولتووری جیاواز، ترسەكە بەو شێوەیە بوو كە ئەگەر سنوورێك بۆ هەریەك لەو هێزانە دانەنرێت، حەرەمی یەكتر دەبەزێنن و دەبێتە هۆكارێك بۆ ئاژاوە و شەڕ و داگیركاری و بەتاڵانبردنی سەروماڵی یەكتر، ئەمەش یەكەمجار لە سەرهەڵدانی گرێبەستی كۆمەڵایەتییەوە سەریهەڵدا، وەكو دەستوورێك و دانانی هێزێك بۆ پیادەكردنی یاسا بۆ ناوەوە و بۆ دەرەوەی قەوارەكان، ئیدی بیرۆكەی دەوڵەت لێرەوە گەشەی كرد، تاكو بوو بە تمووحێك بۆ نەتەوە و ئایینەكان و بە یاسای نێودەوڵەتی رێكخرا، كورد لێرەدا گومانەكەی تۆختر دەبێتەوە بەرامبەر بە ئەوانی تر كە خاوەنی دەوڵەت و شوناسی دەوڵەتین، بۆیە بیر لەوە دەكاتەوە ببێت بە دەوڵەت و زامنی سەربەخۆیی هەبێت.

٣: خۆ بەگەورەزانین: ئەم هۆكارە وادەكات كە هەمیشە تاك توندوتیژبێت لەپێناو ئەوەی هەموو هەوڵێك پووچەڵ بكاتەوە كە لە ناوبانگی ئەو كەم نەبێتەوە و گەورەیی خۆی بپارێزێ لەبەرامبەر ئەوانی دیكە، لەئاستی كۆمەڵگەش هەر بەو شێوەیە كە كۆمەڵگەی رەسەن بە زاراوەی كۆمەڵناسی ئەوانەی كە بنەچەیان هەیە و مێژوویان بۆ خۆیان دروستكردووە، خۆیان بە گەورەتر دەزانن لەئەوانی تر، بۆ نموونە كۆمەڵگەی هیندی و چینی و رووسی و فەرەنسی و ئینگلیزی و میسری وەكو دەوڵەتی رەسەن، خۆیان لە نەتەوە و كۆمەڵگەكانی تر بە گەورەتر دەزانن، لەئاستی دەوڵەتیشدا ئەم بیركردنەوەیە هەیە، بەڵام دوای دروستبوونی هەیمەنەی سیاسی و سەربازی و ئابووری و دوای كۆتاییهاتن بە سەردەمی ئیمپراتۆریەتەكان و پاشانیش شەڕی یەكەم و دووەمی جیهانی، ئیدی بیرۆكەی خۆ بەگەورە زانین مانایەكی دیكەی وەرگرت، بەڵام هێشتا لە شوێنێكدا بەهای ماوە، بۆ نموونە یەكێتی سۆڤیەت نەماوە، بەڵام رووسیا ئێستاش ئەو لووتبەرزییەی هەر ماوە و یەكێكە لەو هێزە دەوڵەتییانەی كە دەتوانێت هاوكێشە بگۆڕێت و لەبەرامبەر ئەوانی تر خۆی بە گەورە بزانێ، بۆ نموونە لەدوای بارگرژی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتیش لە سووریا كە هێزی سەربازی رووسیا ئێستاش لە -لازقیە-یە، چوونی نوێنەری قەتەر بۆ رووسیا كە نێردراوی ئەمریكا بوون بە مەبەستی چاكسازی و تەنازول بۆ ئەمریكییەكان، رووسیەكان لەوەڵامدا گوتبوویان ئێوە كێن هاتوون بۆ نێوانگیری و گەیاندنی پەیام، ئێمە لەگەڵ ئاغاكانتانا بەو شێوەیە قسە ناكەین، ئارەزوومان لێ بێت لە سەر نەخشەی دنیا دەتانسڕینەوە و بچن بە ئاغاكانتان بڵێن نوێنەرایەتی بۆ ئەو مەرجە مایەپووچە. ئەم لووتبەرزی و خۆ بە گەورە زانینە لە پاشخانەوە هاتووە كە بڕوای بە خۆیەتی و بڕوای بە رەسەنایەتی خۆی هەیە و دەتوانێ هاوكێشە بگۆڕێت، كورد بۆیە ئەم جۆرە لووتبەرزییە لاسایی دەكاتەوە، چونكە دەزانێ لە ئاستێكی بچووكدا تەماشا دەكرێت.

بیركردنەوەی تاكی رۆشنبیر، یان تاكی سەركردە لە زۆربەی لایەنەكانی ژیان، یان گرووپی دەستەبژێری سیاسی، یان هاندانی دەرەكیی بووە بۆ بەرژەوەندی هێزێكی نێودەوڵەتی، یان هەرێمایەتی، یان وەكو نەتەوە ژێردەستەكانی سەدەی رابردووە كە خەونەكانیان وەدینەهاتووە، بەڵام دواجار دەوڵەت وەكو پێناسەیەكی نوێ كە جگە لەوەی شوناسی كۆمەڵگەیەكە، لەلایەكی ترەوە كۆكردنەوەی كیانە نەتەوەیی و كولتووری و مەزهەبی و ئایینەكانە كە پێكەوە لە جوگرافیایەك دەژین، زەرورەتی دروستبوون و بونیادنانیشی، یان پەیوەندی بە وەڵامدانەوەی گەل، یان پەیوەندی بە وەڵامدانەوەی مێژوو هەیە بۆ

**ئەوەی کە نەتەوەی وەکو کورد و فەلەستین و تامیلەکانی سریلانکا وەکو نەتەوەی لۆکاڵی تەماشا کرابوون لەلایەن دەسەڵاتەکانیانەوە، بڕوایەک هەبوو کە گوایە چیتر کاتی نەما ببن بە دەوڵەت، بەڵام بەوشێوەیە دەرنەچوو**

**کۆچەریی کۆرییەکان بەرەو ژاپۆن و ئەندۆنوسیا و چین کە خەریک بوو شوناسی خۆیان لەدەست بدەن و لەنێو رەگەزی ژاپۆن و چین بتوێنەوە، بەڵام دواجار بوونەوە بە قەوارەی سەربەخۆ، ئێستا کوردیش بەو دۆخەدا دەڕوات**

کۆمەڵگەیەك. ئیدیالێکی تر هەیە کە بریتییە لە کۆمەڵە دەزگایەکی سەرکوتکەر و سنووری دەستکرد و بەرژەوەندی گرووپێك و هیچی تر بۆ نەتەوەی ژێر دەست کە ئەمە لە عێراق و تورکیا و ئێرانیش هەمان ستایلی ژیانی سیاسییە.

«پێشتر دەوڵەت بۆ نەتەوەکان بوو، بۆیە شوناسی نەتەوە مەرجی یەکەم و سەرەکیی بونیادنانی دەوڵەت بوو، بەو مانایەی قەوارەی نەتەوەیەکی دیاریکراو بوو، لێرەدا دەبێت باسەکە ببەینە سەر بوونی گەلی خاوەن شوناس لە مێژوودا وەکو عرقیەت، واتە نەتەوەی کۆن، نموونەش بۆ نەتەوە کۆنەکان کە پەرشوبڵاو بوونەتەوە بەسەر دەوڵەتانی دیکە بەهۆی نەبوونی قەوارەی دەوڵەتی، یان کێشەی یەکنەبوونی ئەو نەتەوە و عرقە، وەکو کۆچەرەکانی ئیسپانیا بۆ ئەمریکا، عرقەکانی دیکە بۆ ئەورووپا دوای دروستبوون و سەرهەڵدانی شاری مۆدێرن، یان کۆچەرەکانی ئەفەریقا بۆ وڵاتانی پیشەسازی و هۆکاری نەبوونی کار و کێشەی وشکەساڵی و سەرکوتکردنیان لەلایەن بەریتانیا و ئەمریکا و.. هتد، یان کۆچەریی کۆرییەکان بەرەو ژاپۆن و ئەندۆنوسیا و چین کە خەریك بوو شوناسی خۆیان لەدەست بدەن و لەنێو رەگەزی ژاپۆن و چین بتوێنەوە، بەڵام دواجار بوونەوە بە قەوارەی سەربەخۆ، ئێستا کوردیش بەو دۆخەدا دەڕوات کە خەریك بوو بتوێتەوە لەنێو فارس و عەرەب و تورك، بەڵام هەم خۆڕاگری خۆی و هەم لەباربوونی کێشەکەی و هەم ئاڵوگۆڕی سیستمی دیکتاتۆری لەلایەن ئەمریکا و وڵاتانی پیشەسازی و زلهێز، هەروەها سەرهەڵدانی ئەو تێگەیشتنە بۆ نەتەوە ژێردەست و عەریق و ستەمدیدەکان بەرەو دەوڵەت و گۆڕانی هەلومەرجی سیاسی بە ئاقارێکی دیکەدا کە زیندووکردنەوەی نەتەوەکان بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆ، بەهای سیاسی و بەرژەوەندی زلهێزەکان باشتر دەپارێزێت، ئیدی ئەم تێگەیشتنە کارێکی کرد کە کێشە و گرێی دەروونیی کوردی بەرەو دەوڵەت کەمتر ببێتەوە، کە ماوەی چەندین سەدەیە خەیاڵ و خەونێکی نەتەوەیە کە لەسەرانسەر دنیا تاك و کۆمەڵی جیاجیای شێوەزار و کۆمەڵی دیکەی هەیەو خەریکە کۆدەبنەوە بەرەو دروستکردنی دەوڵەت، ئەوەی کە نەتەوەی وەکو کورد و فەلەستین و تامیلەکانی سریلانکا وەکو نەتەوەی لۆکاڵی تەماشا کرابوون لەلایەن دەسەڵاتەکانیانەوە، بڕوایەك هەبوو کە گوایە چیتر کاتی نەما ببن بە دەوڵەت، بەڵام بەوشێوەیە دەرنەچوو». جاك دونرو دوفابر. الدولة. ترجمة. الدكتور سموحي فوق العادة. مكتبة الفكر الجامعي. بیروت. ل١٠.

هەڵبەت زۆر بابەت و پێشبینی بۆ مەسەلەی نەتەوە و بوون و بە دەوڵەتبوون و لەناوچوون لەلایەن بیرمەند و فەیلەسوفەکانەوە هاتووە، بەڵام ئەوەی کە سەروەختێك دێت نەتەوە لەجیاتی رزگاربوون لە نەهامەتییەکانی و ژێردەستی، نامۆ دەبێت لە بەرامبەر نەتەوەکانی دیکە، هەروەها بەپێچەوانەشەوە نەتەوەی دیکە سەرهەڵدەدەن کە نەتەوەکانی دیکە پێی نامۆییە وەکو بوون و مێژوو، چونکە لە دەرەوەی مێژووە، بەڵام حەتمییەتی سیاسی کە خزمەتی سەرمایەی نادیار و بازرگانی بۆ کۆمپانیا نادیارەکان دەکات، لە پڕێکدا وەکو قارچك نەتەوەی نوێمان پێدەناسێنێ و نەتەوەی رەسەنیش دەسڕێتەوە لەسەر زەوی و هاوکاری ناکات.

ئەو حاڵەتەی سەرەوە کە نموونەمان بۆ هێنایەوە، بەهۆی گرێی دەروونی و نەبوونی دەوڵەتەوە کە نەتەوەکان بزووتنەوەی شۆڕشگێڕییان بەرپاکردووە هاتۆتەکایەوە، ئەمە حاڵەتێکی شاز بوو لە دونیا و لە دوای مەجەرستانی پێش سەدەی بیستەم و ئێرلاندا و سکۆتلاندای سەر بە بەریتانیا بەرپا بوو، تا ئەو رادەیەی کە شەڕی داگیرکاریان کرد، هەروەك لەنیشتمانی بەناو عەرەبی و ئەو وڵاتانەی لەژێر داگیرکاریی فەرەنسا و بەریتانیا و ئیتاڵیا بوون لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە دەوڵەتی نەتەوەیی بنچینەکەی لەو عرقەوە واتە کۆنەوە، سەرچاوەی گرتبێت و کارێکی سیاسیی باش بێت، بۆیە سەرکێشی تێدا کراوە و شۆڕشی تێدا بەردەوام بووەو داواکارییەش تاکو درووستبوونی دەوڵەتە، بەپێچەوانەوە تەنیا فۆڕمەکە بەو شێوەیە خۆی نیشانداوە، بەڵکو نموونەیەکی دیکەی سیستمی دنیای سەرمایەدارییە بەرەو پەرشوبڵاوکردنی گەلانە کە پێکەوە ژیاون تا ئێستا و کردنیانە بە دەوڵەت وەکی جوگرافیای سیاسی و ئابووری و شێوەیەکی دیکەی داگیرکاری و دەوڵەتی بەرسێبەر کە لە رابردوودا هەریەك لە بەریتانیا و فەرەنسا خاوەندارێتی ئەم ستایلەیان لە ئۆستralیا و کەنەدا و هۆنکۆنگ و پاکستان و هیندستان و رۆژهەڵات و بەشێك لە ئاسیا کردبوو، کەچی ئێستا خەریکن ستایلێکی دیکە لە داگیرکاری پۆست مۆدێرن دەخولقێنن و تا رادەیەك ئارەزووی نەتەوە و کۆمەڵگەکانیشی تێدایە، بەبێ کێشە و بە ناوی رووخانی سیستمە کۆنەکان و دامەزراندنی سیستمی نوێ، رەنگە ئەم پێشبینییە بۆ دەرکەوتنی سیمای دەوڵەتی نوێ لە داهاتوودا، ئەم بۆچوونە پێشبینی کراوە بسەلمێنێ، لەولاشەوە پشت لەو نەتەوە رەسەنانە دەکەن کە ویستی دەوڵەتیان هەیە. لەئاستی لۆکاڵیش بریتییە لە یەکلاکردنەوە و دابڕانی کۆمەڵگە لە رابردوو و سازکردنی تاك و کۆی کۆمەڵگە بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەر دژوارییەك و زەمینەسازی بۆ جێگیربوونی ئەمنییەت و ئاسایشی نێوخۆ و پاراستنی

ئەمنیی نێوخۆیی کە بریتییە لەبەرگریکردن لەهێرش و دزەکردن و تێکدانی تەندروستی و پەروەردەی تاك و پاراستنی کولتوور و لانیکەم دامەزراندنی سیستمێکی ئابووری کۆمەڵایەتیی لەبار بۆ هەموو هاووڵاتیان کە چوونیەك بێت. وەختێك ئەمانە لەبار نەبوون، کەواتە ئاسان نییە گەیشتن بە ستراتیژێك کە دەوڵەتە، هەڵبەت سەبارەت بەو دەستەبژێرەی کە پێشڕەوایەتی نەتەوەی ژێردەست دەکەن، پەیمانی کۆمەڵایەتی و ئەرکداری نەپارێزێ، یان ئەو ویستە عەقڵانییە لەدەست بدات بۆ بەرژەوەندی خۆیان، یان ئاراستەیەکی دژ بە گشت کە دەتوانێ جارێکی تر شەڕی گشت بکات.

گرێبەستی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەنێوان تاك و کۆی کۆمەڵگە و سیستمی دەوڵەت بۆ بەردەوامبوونی ژیانی ئاسایی کۆمەڵگە، گرێبەستێکە کە بەبێ باڵانس لەنێوان وابەستەبوونی تاك و وابەستەبوونی سیستمی حوکمڕانی کە دادوەرییە، نەك هەر ناکرێت، بەڵکو بێ بەها دەمێنێتەوەو سەرناگرێ، لەوەش گەمژانەتر بە بڕوای سپینۆزا ئەوەیە «ناکرێ تاکێك لەگەڵ گشت، یان کەسێك بۆ هەمیشە داوا لە کەسێك بکات خۆی گرێبدات بە گرێبەستێکەوە، بەبێ ئەوەی لەکاتێکی دیکەدا تەماشا بکات، ئایا ئەو گرێبەستە زیانی زیاترە، یان نەفع، ئەمە ئەو خاڵە گرینگەیە کە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت گرینگی هەیە، کەواتە ئەگەر خەڵك بەگشتی ڕەخنەیان لەو عەقڵە گرت و تێگەیشتن کە دەوڵەتی ستەمکار سوودێکی زۆری هەیە، کەواتە پێویستە بۆ بەرزترین سنوور کە هەر کەسێك ڕازی بوو بەبێ هەڵخەڵەتاندن، ئیدی دەبێ هەمووان بە وردی ئەو گرێبەستە بپارێزن، چونکە ئەوە داوای خۆیانە بەو شێوەیە بمێننەوە، ئەویش ئەوەیە کە پارێزگاری لەو دەوڵەتە بکەن، بەڵام بەپێچەوانەوە بینرا تاك، یان هەر کەسێك کە گرێبەستێکی قبووڵ کردووە، بەڵام وەکو پێویست نییە خزمەتکردنەکەی، ئەوا ئیدی ئەو کەسە بۆی هەیە بە بارتەقای پاداشتەکەی پارێزگاری بکات». سبینوزا. رساله فی اللاهوت و السیاسە. ت. وتقدیم. د. حسن حنفی. مراجعە. د. فوئاد زکریا. دار الطلیعة. بیروت. ل٣٨١.

لێرەدا سپینۆزا قسەلەسەر شێوازی گرێبەست دەکات وەکو پەیمانی کۆمەڵایەتی بۆ دامەزراندن و بەردەوامبوونی دەوڵەت و ئیلتیزامی هەمیشەیی تاك، بەڵام خاڵی هەرە گرینگ ئەوەیە کە تائێستا دەوڵەت تەنیا بۆ پاراستنی کیان و دەسەڵات داوای لەتاك و کۆی کۆمەڵگە کردووە کیانەکە و قەوارە سیاسییەکە بپارێزن بەپێی گرێبەستی کۆمەڵایەتی و لە بەرامبەریشدا هەر ئەو ئیمتیازاتەی بە تاك داوە کە لەگەڵ زەمەنی پێش پەیمانەکە جیاوازی هەیە لەنەفع و شێوەی ماف و ئەرك، لێرەوەیە دەوڵەت دەچێتە بەردەم پرسیاری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، یان ئەو پرسیارەی کە ئایا ئەگەر عەقڵ و عەقڵانییەت سیستمی دەوڵەتی دامەزراندووە و خەڵکی ناچار کردووە ئەخلاق و یاسای کیانەکە بپارێزێ و لەبەرامبەریشدا کەڵك وەربگرێت.

دەوڵەت جگە لەو بونیادەی کە لە ڕووی ئابووری و جیۆسیاسی و ستراتیژەوە کە دەبێ هەیبێت، ئامادەسازی دەوێ لە ڕووی بەشەرییەوە کە ئایا ئامادەی ئەو ئاستەنگانەیە کە دێنە بەردەم قۆناغە سیاسییەکەی؟ ئایا دەتوانێ لەگەڵ گرووپی سیاسی کە ژیانیان لەگەڵ خەڵکی عەوام جیاوازە قبووڵ بکرێ؟ ئایا ئەو هێزە کۆمەڵایەتییە هۆشیارە ئامادەیە کە پێشوازی لەو قۆناغە بکات؟ ئەم پرسیارگەلە بۆ ئەو قەوارە سیاسییانە دەکرێ کە دەوڵەت نین و وەکو دیفاکتۆیەك مامەڵەیان لەتەك دەکرێ، لەوانەش قوبرس و فەلەستین و کەتەلۆنیا و سکۆتلەندا و هەرێمی کوردستان، هەڵبەت ئەم دیفاکتۆیانە تەنیا نەتەوەیەکیان تێدا نییە، بەڵام ناسنامەکەیان بەناوی نەتەوەیەکی دیاریکراوەوە لە ڕووی سیاسییەوە ناوبانگی ڕۆیشتووە و هەر ئەمەشە ئێستا بیر لە دەوڵەتی سەربەخۆ دەکرێتەوە.

هەموو ئەو دیفاکتۆیانەی دیکە کە ناومان هێنان یەك پارچەن و یەك دەسەڵات بەسەریانەوەیە و کێشەیان لەگەڵ یەك سیاسەت و یەك دەوڵەتی داگیرکەر هەیە، بۆیە کێشەکەیان ئاسانتر ڕۆیشتووە وەکو ناسنامە و مەسەلەی یەکلابوونەوەی ئەو وڵاتانەش کە بە چەك و ئاگر و ئاسن ئەو کێشانە چارەسەر نابن و بە ڕێگەی دەستوور مافی دەنگدانیان هەیە لە ریفراندۆمێکدا سەربەخۆیی وەرگرن، یان بمێننەوە، هەروەك ئەوەی لە سکۆتلەندا بینیمان، بۆیە لە هەموویان جیاوازتر نەتەوەی کوردە کە تەنیا پارچەیەکی دیاریکراوی نییە بە دەست دەسەڵاتێکی سەرکوتکەر و نەتەوەیەکی دیکەی غەیرە خۆیەوە هەبێت و کۆمەڵگەیەکی دابڕاوبێت لێی لە ڕووی جوگرافی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و .. هتد. بەڵکو زیاتر لە پارچەیەك و زیاتر لە دەوڵەت و هێز و گرووپێکی کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووی دەبێتەوە و کێشەکەی کردووە بە گرێکوێرە، ئەمە جگە لەوەی نائامادەگی خەڵکی کورد و ئەوانەی لەگەڵ کورد دەژین بۆ ئەو گیروگازە سیاسی و ئابوورییەی چاوەڕێی دەکات، ساز نەکراوە. چونکە لە ڕووی جیۆستراتیژییەوە یەکلایی نەبۆتەوە چۆن و بە چ میکانیزمێك مامەڵە لەگەڵ گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و کولتوورە جیاوازەکان و سنوورە جیاوازەکان و دەوڵەتەکان بکات.

**توندوتیژیی فکری مەزهەبی ڕێگەنادات نەتەوەیەک، یان گرووپێکی دیکەی بێ قەوارە شوناسی تایبەتی خۆی هەبێت، باشترین نموونەش عێراق و پێکهاتە سیاسی و مەزهەبییەکانە بەرامبەر بە کورد**

**ململانێ ئەگەر لە ڕابردوودا بۆ سڕینەوە بووبێت لەسەر خاک، یان سڕینەوەی نەتەوە وەکو شوناس، ململانێکان ئێستا شێوازێکی دیکەن کە لە ڕێگەی ئابووری و سیاسیدایە و بۆ نەهێشتنی هەژموونی سیاسییە بە سەر ئەوانی دیکەدا**

# یاسای عەشیرەتەکانی عێراق لە ئایدیۆلیژیخوازییەوە بۆ عەشیرەتخوازیی دەوڵەت

ناوبەناو هەندێ یاسای نامۆ و مقۆمقۆدار دێنە نێو پەرلەمانی عێراقەوە تا خوێندنەویان بۆ بکرێت و گفتوگۆیان لەسەربکرێت و دەنگیان بۆ بدرێت، هەندێکیان یاساگەلی ئایدیۆلۆژین و مەبەستیان چەسپاندنی دەوڵەتی ئاینییە، وەك یاسای قەدەغەکردن و فرۆشتن و بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی مەی، یاساگەلی دیکەش چەسپاندنی میلیشیای ئایدیۆلۆژیی چەکدارییان مەبەستەو دەوڵەتی مەدەنی تێکدەدەن وەك یاسای حەشدی شەعبی، لە ١-١٢-٢٠١٦ خوێندنەوەی یەکەم بۆ یاسای ئەنجومەنی عەشیرەت و هۆزەکانی عێراق کرا، ئەو یاسایەی کە کار بۆ عەشیرەتخوازیی دەوڵەت دەکات، بێگومان بە سروشتە کۆمەڵایەتییەکەی پێکهاتەکەی عەشایرییە، کەس ناتوانێ چەمکی عەشیرەت و هۆز لە عێراق لابەرێت، تەنانەت قورئانی پیرۆزیش جەخت لەسەر گرنگیی ئەو جۆرە فرەییە لە کۆمەڵگە دەکاتەوە تاکو فەلسەفەی یەکترناسین بۆ بەدیهێنانی هاوکاری و یەکدی تەواوکردن و کاری هاوبەش لەپێناو خزمەتکردنی کۆمەڵگەو مرۆڤایەتیدا بێت، کە تێیدا هاتووە: [یا أیها الناس إنا خلقناکم من ذکر وأنثی وجعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا]. بوونی گەل و هۆزو عەشیرەت و نەتەوە شتێکی سروشتییە، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە ئەمە بە یاسا دەکرێت بۆ بەدیهێنانی مەبەست و مەرامی سیاسی و حزبی، ناکرێ ئەو چەمکە کۆمەڵگەییە تێکەڵ بە بنەماکانی دەوڵەت بکرێت، چونکە ئەگەر مەبەستمان دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراسی بێت، ئەوا پێویستە ئەو چوارچێوە کۆمەڵگەیی و ئایدیۆلۆژی و مەزهەبی و ئاینییە لە پرەنسیپەکانی دەوڵەتی مەدەنی دووربخەینەوە، تا بتوانین بچینە قۆناخێکی تازەوە کە بنیادنانی دەوڵەتە لەسەر بنەماگەلێکی دروست.

دیارە هەندێ یاسا تەنیا بۆ خۆیان دەرناچن، بەڵکو بۆ بەدیهێنانی ئامانجگەلی دیکەیە، یاسای نەهێشتنی فرۆشتنی مەی مەبەست لێی بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر و قۆرخکردنی فرۆشتن و دروستکردن و هەناردەکردنییەتی لەلایەن گروپێکی دیاریکراو کە خاوەن دەسەڵاتە، هەروەها یاسای حەشدی شەعبی کە مەبەست لێی لاوازکردنی رۆڵی دامەزراوەی سەربازیی نیشتمانییە، یاسای عەشیرەتەکانیش پەردەپۆشکردنی شکستی دەوڵەتە، چونکە زۆربەی کێشەکانی کۆمەڵگە لە رێگای دادگاکانی عەشایرییەوە چارەسەرکراون نەك لە رێگای دادگا فەرمییەکانی دەوڵەت، بۆیە تیۆری ئیبن خەلدونی ئەندەلووسی بۆ دۆخی ئێستای عێراق گونجاوە، کاتێ گوتی: ئەگەر دەوڵەت سەقامگیر بوو واز لە دەمارگیری دەهێنێت، مەبەستیش عەشیرەت و هۆزەکانە، دەوڵەتی عێراق سەقامگیر نییە بەڵکو لاوازە، هەر بۆیە دەسەڵاتی عەشیرەت و هۆزکان بەهێزبووە، لە تەنیا مانگێکدا ٨٠٠ دانیشتنی حوکمی عەشایری لە بەغدا ئەنجامدراون، لە نەجەف ١٢٠٠ و لە بەسرە ٢٤٠٠، هەموو ئەو دانیشتنە عەشایرییانە کۆتاییان بە کێشەکان هێناوە، بەڵام دادگا فەرمییەکانی دەوڵەت هیچ بەهایەکیان نییە، بۆیە دەبینین هاووڵاتی عێراقی متمانەی بە دەوڵەت

**کەس ناتوانێ چەمکی عەشیرەت و هۆز لە عێراق لابەرێت، تەنانەت قورئانی پیرۆزیش جەخت لەسەر گرنگیی ئەو جۆرە فرەییە لە کۆمەڵگە دەکاتەوە تاکو فەلسەفەی یەکترناسین بۆ بەدیهێنانی هاوکاری و یەکدی تەواوکردن و کاری هاوبەش لە پێناو خزمەتکردنی کۆمەڵگەو مرۆڤایەتیدا بێت**



د.عەرەفات کەرەم ستونی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

نییە، بەڵکو پەنا بۆ دادگای عەشایریی دەبات، ئەو دادگا عەشایرییانەش بۆ هەموو خەڵکەکە نین بە تەنیا، تەنانەت سیاسەتوان و پەرلەمانتارو گەورە بەرپرسانیش پەنای بۆ دەبەن، کاتێ بەلیغ ئەبو کەلەل لە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی وەسفی پەرلەمانتار حەنان فەتلاوی کرد بە بەدڕەوشت، ئەوە بوو فەتلاوی داوای لەسەر تۆمارکرد، بەڵام دادگا دۆسێیەکەی یەکلایی نەکردەوە، کێشەکە بوو بە کێشەی نێوان دوو عەشیرەت و بە دانیشتنی عەشایریی چارەسەرکرا، ئەوە بوو عەشیرەتی ئەبوکەلەل سواس پێدانی ١٠٠ ملیۆن دیناری کەوتەسەر لەگەڵ دوای لێبووردن، بە هەمان شێوە کێشەی نێوان پەرلەمانتار عەواتف نیعمە و محەمەد ئیقبالی وەزیری پەروەردە، کێشەکە لەوەدایە تەنانەت دادوەرە بێ دەسەڵاتەکانیش پەنا بۆ دادگای عەشایریی دەبەن. کاتێ بەریتانییەکان هاتنە عێراق بینیان کە سروشتی کۆمەڵگەی عێراق عەشایرییە، بۆیە لەپێناو سەقامگیریدا دەسەڵاتی فراوانیان دایە سەرۆك عەشیرەتەکان، بۆیە سیستەمی داوای مەدەنی و سزایان لە ساڵی ١٩١٦ دەرکرد، یەکەم بە زمانی ئینگلیزی The Tribal Criminal and Civil Disputes Regulation، ئەم ئەزموونەشیان لە هیندستان جێبەجێ کردبوو، دواتر گواستیانەوە بۆ عێراق، چونکە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە هەردوو کۆمەڵگەکە هاوشێوەن، تارق حەرب کە شارەزایەکی یاسایە پێیوایە کە جەنەرال فاشۆ هەڵسوڕێنەری کاروباری هەڵمەتی سەربازی لە ٢٧ی تەمموزی ١٩١٨ ئەم سیستەمەی دەرکردووە، لە راستیدا سەرچاوەکانی ئینگلیز ئەمە رەتدەکەنەوە، ئەم یاسایە لە سەردەمی پاشایەتیش هەر پیادەدەکرا، لە ماددەی ١١٤ی دەستووری پاشایەتی کە بە یاسای بنەڕەتی ناسراوە، دەڵێت: هەموو زانیاری و یاساکان کە فەرماندەی گشتیی هێزەکانی بەریتانیا لە عێراق و حاکمی گشتیی پاشایەتی و مەندوبی سامی دەریکردوون، کە لەلایەن حکومەتی خاوەن شکۆ شا فەیسەڵ لە ماوەی نێوان پێنجی تشرینی دووەمی ١٩١٤ و بەرواری جێبەجێکردنی ئەم یاسا بنەڕەتییە دەریکردوون لە بەرواری جێبەجێکردنییەوە درووستن، ئەوانەی بۆ ئەو بەروارە لێی لانەبردوون، تا ئەو کاتەی دەسەڵاتی یاسادانان دەیگۆڕێت یان لای دەبات، کاتێ یەکەم حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتیی عەبدولرەحمان نەقیب لە ساڵی ١٩٢٠ پێکهات چوار وەزیر بێ وەزراەت بوون لە سەرۆك عەشیرەتەکان لە کۆی ١٢ وەزیر، لە ساڵی ١٩٢٢ کورسیی هەڵبژاردن درایە چەند سەرۆك عەشیرەتێك لە هەر پارێزگایەکدا، بەڵام بە یاسای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٢٤ هەڵوەشێنرایەوە، لە سەردەمی پاشایەتیدا نەریتێکی دەستووری هەبوو بە دامەزراندنی چەند سەرۆك عەشیرەتێك لە ئەنجومەنی پیاوماقوولان، بەڵام لە کودەتای کۆماریخوازەکان لە ١٩٥٨ هەڵوەشێنرایەوە، هەروەها سیستەمی داوای مەدەنی و سزایی عەشیرەتەکانیش بە مەرسومی کۆماری (٥٦)ی ساڵی ١٩٥٨ هەڵوەشێنرایەوە، دواتر یاسای عێراقی ژمارە(٣٤)ی ساڵی ١٩٨١ هات کە سزای کەمتر نەبێت لە بیست ساڵی بەندکردن دەرکرد بۆ هەر یەکێك کە لە دەرەوەی دامەزراوەیی فەرمیی دادگای

**هەندێ یاسا تەنیا بۆ خۆیان دەرناچن، بەڵکو بۆ بەدیهێنانی ئامانجگەلی دیکەیە، یاسای نەهێشتنی فرۆشتنی مەی مەبەست لێی بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر و قۆرخکردنی فرۆشتن و درووستکردن و هەناردەکردنییەتی لەلایەن گروپێکی دیاریکراو کە خاوەن دەسەڵاتە، هەروەها یاسای حەشدی شەعبی کە مەبەست لێی لاوازکردنی رۆڵی دامەزراوەی سەربازی نیشتمانییە، یاسای عەشیرەتەکانیش پەردەپۆشکردنی شکستی دەوڵەتە**

**لە تەنیا مانگێکدا ٨٠٠ دانیشتنی حوکمی عەشایری لە بەغدا ئەنجامدراون، لە نەجەف ١٢٠٠ و لە بەسرە ٢٤٠٠، هەموو ئەو دانیشتنە عەشایرییانە کۆتاییان بە کێشەکان هێناوە، بەڵام دادگا فەرمییەکانی دەوڵەت هیچ بەهایەکیان نییە، هاووڵاتی عێراقی متمانەی بە دەوڵەت نییە، بەڵکو پەنا بۆ دادگای عەشایری دەبات، ئەو دادگا عەشایرییانەش بۆ هەموو خەڵکەکە نین بە تەنیا، تەنانەت سیاسەتوان و پەرلەمانتارو گەورە بەرپرسانیش پەنای بۆ دەبەن**

**ناکرێ نکۆڵی لە رۆڵی کارای عەشیرەتەکان لە چارەسەرکردنی زۆر لە کێشەکان بکرێت، بەتایبەتیش کێشەکانی موڵکایەتی و خێزانی و کۆمەڵایەتی، بەڵام تا ئەو کاتەی دەگاتە قۆناخێک کە یاسای تایبەتی بۆ دەربکەین ئەوا بە تەواوی رەتیدەکەینەوە، چونکە هەرێمی کوردستان هەنگاودەنێت بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و دەوڵەتێکی دیموکراسی و فرەیی راستەقینە و رێزگرتن لە مافی مرۆڤ**

وڵات دادگایی کردبێت، لە بڕیاری ژمارە(٢٤) لە ٢٤-٣-١٩٩٧ی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی هەڵوەشاوەدا هاتووە کە سزای بەندکردن کەمتر نەبێت لە سێ ساڵ دیاریکراوە بۆ هەر کەسێك داواکاریی لە دانیشتنی عەشایریی بکات، هەرچەندە رژێمی پێشوو بە تەواوی لەژێر کاریگەریی عەشایریدا رزگاری نەبووبوو لە زۆر کایەکانی ژیاندا، بە تایبەتیش لە کێشەکانی بنەماڵەیی و موڵکایەتیدا.

دوابەدوای رووخانی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣دا چینی سیاسەتوانان لە عێراق پێیانوابوو کە پێویستە رۆڵی عەشیرەت لە عێراقدا زیندووبکەنەوە، بەتایبەتیش بەکارهێنانی سەرۆك عەشیرەتەکان وەك باشترین ئامراز لە هەڵبژاردنەکاندا، بۆیە ماددەیەکی دەستوورییان تایبەت بە عەشیرەتەکان زیادکرد، لە ماددەی (٤٥)ی دەستووری عێراقدا، دووەمدا هاتووە: دەوڵەت بەتەنگ هاریکاریکردنی هۆزو عەشیرەتەکانی عێراقەوە دەبێت و گرنگیی بە کاروباریان دەدات کە لەگەڵ ئایین و یاسادا بگونجێت، هەروەها بەهای مرۆییان بەهێزبکات، ئەمەش هاوکاردەبێت بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵگە و رێگەش لە نەریتەکانی عەشایریی دەگرێت کە ناکۆکن لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ. بێ گومان ئەو ماددە دەستوورییە زیادەو پێویستە یەکسەر لاببرێت، ئەگەر بمانەوێت دەوڵەتێکی دیموکراسی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بنیادبنێین، زۆربەی ئەو ئەو بڕیارانەی لەلایەن دادگا عەشایرییەکانەوە دەردەچن لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ ناگونجێن، ئایا دەچێتە عەقڵەوە پەنجا کچ کە هەندێکیان ناکامن لەلایەن عەشیرەتی بکوژەوە بە دیاری بدرێتە عەشیرەتی کوژراوەکە بۆ ئەنجامدانی ئاشتبوونەوە هەروەك لە بەسرە روویدا! ئایا ئەمە دژی کەمترین پرەنسیپەکانی مرۆڤ و مافی مرۆڤ نییە؟ ئەم ماددەیە بە یاسای ئەنجومەنی عەشیرەتەکانی عێراق رێکخراوە، یاساکەش لە پازدە ماددە پێکهاتووە، کە ناکۆك و یەکدی نەگرە، زۆر ناکۆکن لەگەڵ ماددەکانی دەستووری عێراق و بنەماکانی دیموکراسی و مەدەنییەت، لەو ماددانە بۆ نموونە، ماددەی دوو، دووم: کە دەڵێت ئەنجومەنی هۆزو عەشیرەتەکانی عێراق سەر بە سەرۆك کۆمار دەبێت، ئەم ماددەیەش ناکۆکە لەگەڵ ماددەی(٧٣)ی دەستووری عێراق کە (دە) دەسەڵاتی داوەتە سەرۆك کۆمار، ئەنجومەنی هۆزو عەشیرەتەکانی عێراق دەستەیەکی سەربەخۆیە هەروەك لە ماددەی سێیەمی یاساکەدا هاتووە، پێویست ناکات سەر بە سەرۆك کۆمار بێت، بەڵام وا دیارە هەمووی پەیوەستە بە رازیکردنی سەرۆك عەشیرەتەکان بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا سوودیان لێ وەربگرن و داوای یارمەتییان لێ بکەن بۆ سەقامگیریی ئاسایشی شکستخواردوو، بەتایبەتیش لە باشووری عێراق، چونکە زۆربەی کێشە عەشایرییەکانی عێراق لە باشوورن، جا لەبەر ئەوەی پۆستی سەرۆك کۆمار لە عێراق تەشریفاتی و رەمزییە، بۆیە دەسەڵاتێکی دیکەی رەمزییان بۆ زیادکردووە، واتا سەرپەرشتیکردنی کاروباری سەرۆك هۆزو عەشیرەتەکان لەگەڵ ئەوەی کە سەرپێچییە لە دەستووری عێراق، لە ماددەی سێزدەیەمیشدا هاتووە: هەرێم دەتوانێت ئەنجومەنێکی لاوەکی بۆ سەرۆك عەشیرەت و هۆزەکانی ژێر دەسەڵاتی هەرێم پێکبهێنێت.

پێموایە کە کۆمەڵگەی کوردیش عەشایرییە، ناکرێ نکۆڵی لە رۆڵی کارای عەشیرەتەکان لە چارەسەرکردنی زۆر لە کێشەکان بکرێت، بەتایبەتیش کێشەکانی موڵکایەتی و خێزانی و کۆمەڵایەتی، بەڵام تا ئەو کاتەی دەگاتە قۆناخێك کە یاسای تایبەتی بۆ دەربکەین ئەوا بە تەواوی رەتیدەکەینەوە، چونکە هەرێمی کوردستان هەنگاودەنێت بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و دەوڵەتێکی دیموکراسی و فرەیی راستەقینە و رێزگرتن لە مافی مرۆڤ، بۆیە بە هیچ شێوەیەك رێگە نادرێت عەشیرەت دەستوەرداتە دامەزراوە ئیداری و سەربازی و یاساییەکانەوە، ئەگەر نا پاشاگەردانی و بێ سەروبەریی وڵات دەگرێتەوە، هەروەك چۆن لەئێستادا عێراقی گرتۆتەوە، نکۆڵی ناکرێ کە هەندێ حاڵەتی زێدەڕۆیی لێرەو لەوێ روودەدەن، بەڵام ئەمانە دەگمەنن، پێویستە دادگا رۆڵی خۆی ببینێت، چونکە هەر بڕیارێکی عەشایری یاسایی نییە، بەڵکو هەندێ بڕیاریان هەیە ناکۆکن لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ، تەنانەت دژی پرەنسیپەکانی ئیسلامیشن، هەروەها ناکۆکن لەگەڵ بنەماکانی دەوڵەتی مەدەنی و ئەلفوبێی دەوڵەتی دیموکراسی، زۆربەی ئافرەتان لەلایەن

عەشیرەتەکانەوە بە ستەم و غەدر و لەبەر هۆی بێ ماناو سادە و بەناوی بەدناموسی کوژراون، شتێك نییە لە کوشتنی ئافرەت بەدتر کە رەنگە بێتاوان بێت، بۆیە دەبێ دادگا رۆڵی خۆی ببینێت تاکو کۆمەڵگە لەبەریەك هەڵنەوەشێتەوە، تەنانەت شەریعەتی ئیسلامیش کوشتنی ئافرەتی قەدەغەکردووە هەتا ئەگەر لە زیناشەوە تێوەگلابێت، بەڵکو سزایەکی کەمتری بۆ داناوە، بۆیە هەرێمی کوردستان پێویستی بەم یاسایە نییە، ئێمە بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەدەنی هەنگاودەنێین، ئەمەش مانای وا نییە کە عەشیرەت رەتدەکەینەوە، خوای گەورە خۆی ئەم پرەنسیپەی بڕیارداوە، بەڵام بڕیاری داوە بە یەکترناسین بۆ ئەوەی هاوکاریی و هاوشانی یەکدی بین لەپێناو بەرزکردنەوەی مرۆڤایەتی بۆ چاکترین قۆناخ.

بەم نزیکانە پەرلەمانی عێراق بە زۆرینەی سەرۆك عەشیرەت و هۆزەکان دەنگ لەسەر ئەم یاسایە دەدات، چونکە هەڵبژاردنەکان نزیکبوونەتەوە، پەرلەمانتارانیش پێویستیان بە دەنگی سەرۆك عەشیرەت و هۆزەکان هەیە، بەتایبەتیش حزبی دەعوەو هاوپەیمانەکانی وەك حزبی ئیسلامیی سوننی، کە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا شکستیان هێناو دەترسن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووشدا هەرەس بهێنن ئەگەر خۆیان بە سەرۆك عەشیرەتەکانەوە قایم نەکەن، بۆیە دەبینین حزبی دەعوە بە سەرۆکایەتیی نوری مالیکی لە هەمووان زیاتر گرنگیی بەم یاسایە دەدات و سووریشە لەسەر کۆبوونەوە لەگەڵیانداو داخوازییەکانیشیان جێبەجێ بکات، لە هەمان کاتدا سەلیم جبووری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق-جێگری ئەمینداری گشتیی حزبی ئیسلامی- لە هەمووان زیاتر سوورە لەسەر دەرکردنی ئەم یاسایە بەر لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان لە ٢٠١٨دا، بۆیە کۆنگرە عەشایرییەکان لە بەغداو باشوورو هەولێرو عەممان زۆربوونە، ئەو کۆنگرانە لەنێوان سوننەو شیعەدا دابەشبوونە، دەبینین کە عەشیرەتێکی گەورەی وەك جبوور بەسەر دوو تایفەدا دابەشبووە، رەهەندی ئایدیۆلۆژیی ئایینی تا ئێستا بەسەر رەهەندی عەشایرییدا زاڵە، بە هەمان شێوەش بۆ عەشیرەتی عوبەید، بۆیە هەر حزبەی هەوڵدەدات عەشیرەتێکی دیاریکراو لەسەر بنەمای مەزهەبی بۆ خۆی رابکێشێت، نەك لەسەر بنەمای سۆزی عەشایریی، ئیسلامییەکان چاك دەزانن کە عەشیرەت واز لە ئینتیمای مەزهەبی و تایفیی خۆی ناهێنێت، لە راستیدا ئەوەی کە تایفەگەریی لە مێشکی عەشیرەت و هۆزەکاندا چەقاندووە ئەو ئیسلامییانە بوون لە حزبی دەعوەی شیعەو حزبی ئیسلامیی سوننە دوای ٢٠٠٣، عەشیرەت و هۆزە عەرەبییەکانی عێراق پێش ٢٠٠٣ گرنگییان بە ئینتیمای مەزهەبی و تایفی نەدەدا، دەربارەی ئەم پرسە قسەم لەگەڵ سەرۆك عەشیرەتێکی عوبێد کرد لە بەغدا، پێی گوتم: پێشتر ئێمەی رۆڵەکانی عەشیرەتی عوبێد لە سوننەو شیعە یەکگرتووبووین و پەیوەندیمان هەبوو، کەس لە ئینتیمای مەزهەبی نەدەپرسی، کاتێ رژێمی بەعس رووخاو ئەوانە هاتن عەشیرەتەکەمان پارچەپارچەو پەرت بوو لەنێوان سوننەو شیعەدا، بەڵام بەهۆی سیاسەتی ئیسلامی سیاسی و ئایدیۆلۆژیای تایفەگەری دوای ٢٠٠٣ لەنێوان سوننەو شیعەدا دابەشبوو، بینیمان چی بەسەر هەردوو عەشیرەتی جبوور و شیعەدا هات، چۆن ئیسلامی سیاسی بە سوننەو شیعەوە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لێکترازا، سوننەی جبوور دەنگ بە پاڵێوراوی شیعە نادات، شیعەی جبووریش دەنگ بە پاڵێوراوی سوننە نادات، کاتێکیش جەبهەی بەناو ئیسلاح لە پەرلەمانی عێراق هەوڵیدا جبووری لابەرێت، عەشیرەتەکەی لە سوننە لەگەڵیدا وەستان، کەچی شیعەی جبوور سووربوون لەسەر لادانی، بە هەمان شێوەیەش لە ململانێی نێوان پەرلەمانتار عالیە نسەیف و خالد عوبەیدی وەزیری بەرگری لە کاتی لێپرسینەوەدا، هەردووکیان لە یەك عەشیرەتن، کە عەشیرەتی عوبێدە، بەڵام یەکەمیان شیعەیەو دووەمیان سوننەیە، رەهەندی مەزهەبی و تایفەگەری بەسەر سۆزی عەشایرییدا زاڵە، هەر چەندە مەسەلەکە سیاسییەو پەیوەستە بە سەفقەی نهێنیی بازرگانی کە بەر لە پرۆسەی لێپرسینەوە ئەنجامدەدرێت، بەڵام کەس ناتوانێت نکۆڵی لە کاریگەری و رۆڵی رەهەندە ئایدیۆلۆژییەکەی ئێستا بکات.

---

*** سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

**کاتێ بەریتانییەکان هاتنە عێراق بینیان کە سروشتی کۆمەڵگەی عێراق عەشایرییە، بۆیە لەپێناو سەقامگیریدا دەسەڵاتی فراوانیان دایە سەرۆک عەشیرەتەکان، بۆیە سیستەمی داوای مەدەنی و سزایان لە ساڵی ١٩١٦ دەرکرد، یەکەم بە زمانی ئینگلیزی، ئەم ئەزموونەشیان لە هیندستان جێبەجێ کردبوو، دواتر گواستیانەوە بۆ عێراق، چونکە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە هەردوو کۆمەڵگەکە هاوشێوەن**

**کۆنگرە عەشایرییەکان لە بەغداو باشوورو هەولێرو عەممان زۆربوونە، ئەو کۆنگرانە لەنێوان سوننەو شیعەدا دابەشبوونە، دەبینین کە عەشیرەتێکی گەورەی وەک جبوور بەسەر دوو تایفەدا دابەشبووە، رەهەندی ئایدیۆلۆژیی ئایینی تا ئێستا بەسەر رەهەندی عەشایرییدا زاڵە، بە هەمان شێوەش بۆ عەشیرەتی عوبەید، بۆیە هەر حزبەی هەوڵدەدات عەشیرەتێکی دیاریکراو لەسەر بنەمای مەزهەبی بۆ خۆی رابکێشێت**

# دانپێدانانی نێودەوڵەتی

بە دوو تەوەر هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر بابەتی دانپێدانانی نێودەوڵەتی:

● **تەوەری یەکەم: دانپێدانانی نێودەوڵەتی بە دەوڵەت:**

هەروەك ئاشكرایە دانپێدانان بە دەوڵەتێکی تازەدامەزراودا مەسەلەیەکی نێودەوڵەتییەو گرنگییەکی بێ پایانی هەیە بۆ ئەو دەوڵەتە نوێیە تاوەکو بتوانێت ئاوێتە بێت لەگەڵ ژیانی نێودەوڵەتان و رۆڵ ببینێت، بۆ ئەم مەبەستە چەند پرسیارێکی سەرەکی لە لای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەرووژێت کاتێك جارِی لەدایکبوونی هەر دەوڵەتێکی نوێ دەدرێت، ئەو پرسیارانەش بریتین لە:

١. ئایا ئەو دەوڵەتە نوێیە مەترسی لەسەر سەقامگیری و ئاسایشی نێودەوڵەتی دروست دەکات؟


٢. ئایا ئەو دەوڵەتە بنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراتی جێبەجێ دەکات؟

٣. ئایا ئەو دەوڵەتە لە رووی ئابوورییەوە دەتوانێت خۆی بەخێو بکات، یان دەبێتە بار بە سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە؟

بە ئەرێنی وەڵامدانەوەی ئەو سێ پرسیارەی سەرەوە، رێخۆشکەرە بۆ دانپێدانانی هەر دەوڵەتێکی تازە چێ بوو، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە گشت لەگشتی دەوڵەتان دان بنێن بە دەوڵەتە نوێیەکەدا، چونکە لەگەڵ ئەوەی ئەو مەرجانەش لە دەوڵەتە نوێیەکەدا فەراهەم بێت، هەندێك جار پێچ و پەنای سیاسەتبازی و بەرژەوەندیی وڵاتان وادەکات کە هەندێك دەوڵەت خۆ نەخەنە ژێر باری دانپێدانانەوە بە دەوڵەتی نوێ، بەلام زۆر گرنگە بۆ بە ئەندام بوون لە نەتەوە یەکگرتووەکان، واتە پێدانی کەسایەتی نێودەوڵەتی بە دەوڵەتە تازە زاوەکان پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان مافی (ڤیتۆ) بە کارنەهێنن و نەبنە لەمپەر لەبەردەم بە ئەندامبوونی دەوڵەتە نوێیەکە.

مێژووی دروستبوونی یاسای نێودەوڵەتی سەرەتاکەی دەگەرِێتەوە بۆ سەدەی حەڤدە، بەتایبەتی پەیماننامەی ئاشتی (وێستڤالیا) ساڵی (١٦٤٨) کە لە سەروبەندی ئەم گردبوونەوە نێودەوڵەتییەدا ژمارەی وڵاتانی جیهان لە پەنجەکانی دەست تێ نەدەپەرِی، پاشان ساڵی (١٨٧١) بوونە (١٥) دەوڵەت، دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ئەو ژمارەیە بەرزبووەوە بۆ (٢٥) دەوڵەت، ئەوجا لە سییەکانی سەدەی بیستدا بووە (٣٠) دەوڵەت، لە ساڵی (١٩٤٥) دا و پاش دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان (٥١) دەوڵەت هەبوون، ژمارەی دەوڵەتان لە نزیکەی شەست ساڵی تەمەنی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینی و بووە (١٩٢) دەوڵەت لە ساڵی (٢٠٠٦)دا پاش دانان بە وڵاتی (مۆنتینیگرۆ) (١)

پاشان ساڵی (٢٠١١) دەوڵەتی سودانی باشوور



د. ڕێبین سەلام

مامۆستا لە زانکۆی لوبنانی فەرەنسی / هەولێر

بۆ گوڵان نووسیویەتی

دامەزراو ژمارەی وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان بوو بە (١٩٣) وڵات، دوو ئەندامی چاودێریش هەن ئەوانیش (فاتیکان و فەڵەستین)ـن، لە پاڵ ئەو دووانە هەریەك لە (کۆسۆڤۆ و تایوان) یەکەمیان (١٠٨) دەوڵەت و دووەمیان (٢٢) دەوڵەت دانی پێدا ناون تا ئەمڕۆ.

**● تەوەری دووەم: دانپێدانانی نێودەوڵەتی بە هەندێ بزووتنەوە و حکومەت هەرچەندە دەوڵەتیش نین:**

هەندێك جار لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دان دەنرێت بە هەندێ بزووتنەوەو حکومەتدا، هەرچەندە کە دەوڵەتیش نین. ئەم حاڵەتە لە مێژووی یاسای نێودەوڵەتیدا تا ئێستا بە چوار شێوە رووی داوە:

١. دانپێدانان بە بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکاندا: کاتێك کە شۆڕش لە وڵاتێکدا هەڵدەگیرسێ، ئەو دەوڵەتەی شۆڕشەکەی تێدایە، دان بەشۆڕشەکەدا دەنێت، ئەمەش کاتێك روو دەدات کە شۆڕشەکە نەگەیشتۆتە ئاستی جەنگی ناوخۆ، هەندێ جاری دیکە دەوڵەتێکی دەرەکی دان دەنێت بە بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکاندا، ئەمەش دەبێتە مایەی تووڕەبوونی ئەو دەوڵەتەی شۆڕشەکەی تێدا قەوماوە تا دەگاتە ئاستی شەڕ هەر وەك لە ساڵی (١٧٧٦ز) روویدا کاتێك کە دەوڵەتی فەڕەنسا دانی نا بە شۆڕشی ئەمریکییەکاندا.

٢. دانپێدانان بە بزووتنەوە چەکدارییەکاندا: کاتێك بزووتنەوەیەکی چەکداری دێتەئاراوەو سوپایەکی ڕێکخراو چێ دەبێ، کە بە پێی ڕێساکانی جەنگ شەڕدەکات، ئەگەر ئەو بزووتنەوە چەکدارییە حکومەتی دامەزراند، هەندێکجار دەوڵەتان دانی پێدا دەنێن تاوەکو سیفەتێکی شەرعی وەربگرێت، وەك دانپێدانانی دەوڵەتە عەرەبییەکان بە حکومەتی جەزائیریدا کە لە قاهیرە لە لایەن بزووتنەوەی چەکداری جەزائیرەوە ساڵی (١٩٥٤ز) راگەیەندرا.

٣. دانپێدانان بە حکومەتی دیفاکتۆدا: کاتێك کە دان دەنرێت بە دەوڵەتێکدا مانای وایە ئەو حکومەتەی کە بە شێوەیەکی شەرعی لەو دەوڵەتە دادەمەزرێ، دانی پێدا نراوە، بەڵام هەندێك جار پاش شۆڕش، یان کودەتایەکی سەربازی حکومەتێك دادەمەزرێ دەبێتە واقیعێك و لەلایەن دەوڵەتانەوە دانی پێدا دەنرێت.

٤. دانپێدانان بە حکومەتی تاراوگە: ئەم جۆرە دانپێدانانە لە سەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانی سەری هەڵدا، کاتێك نازییەکان بەشێکی زۆری ئەوروپایان داگیرکرد، لەو کاتەدا سەرکردەکانی ئەو وڵاتە داگیرکراوانە زۆربەیان هەڵهاتن بۆ سنووری وڵاتانی هاوپەیمانان و لەوێوە حکومەتی تاراوگەیان دامەزراند، دیارترینی ئەو حکومەتانە بریتی بوون لە چیکۆسلۆڤاکیای جاران، فەڕەنسا، پۆڵۆنیا و یونان.

بەهیوای ئەوەی کوردستان ببێتە دەوڵەتی ژمارە (١٩٤) و خەونی دێرینی ئەو گەلە بەشخوراوە بێتەدی.

# کوردستان ریفراندۆمی بۆ چییە؟

ئایا پێویستە کوردستان ریفراندۆم بکات و لە عێراق جیابێتەوە؟ دواتر ئایا ریفراندۆمی کوردستان سەرکێشی نییە و کورد بەرەو هەڵدێر و پاشەڕۆژێکی تاریك و نادیار نابات؟ ئایا ئەوانەی دەڵین کاتی نییە راست دەکەن؟

بیرمەند و سیاسی و پسپۆرانی بوارە جیاجیاکان لە دەرەوەی سیاسەتی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم دەرکیان بەو هەڵە گەورەیە کردووە کە بەریتانیا و فەرەنسا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و، بەپێی رێککەوتننامەی (سایکس- پیکۆ) دەوڵەتیان بۆ زۆر نەتەوە دروست کرد لە سەر حیساب و پێشێلکردنی مافی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی رەسەنی ناوچەکە، باجەکەشی خەڵکی ناوچەکە بە گشتی دەیداتەوە و، میللەتی کوردیش کە گەورەترین میللەتە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێ نیشتمانە و، بە درێژایی ئەم ١٠٠ساڵە تورك و عەرەب و فارس هەوڵی توانەوەی میللەتی کوردیان داوە و، بە بەردەوامی خەریکی گۆڕینی دیموگرافیاو شوناس و کەلتور و زمان و فەرهەنگ و شێواندنی مێژووەکەی بوونە، ئەمەش بە شێوازی جۆراوجۆر کراوە وەکو تەعریب و راگوێزراوەو شار و گوند روخێنراوەو ئەنفال و کیمیاباران و زیندانی و سەرنگوم کراوە، جگە لە وەرگرتنەوەی ناسنامەو خاك زەوت کردن، کە ئەمانە مافە سەرەتاییەکانی ژیانی هەر کەس و میللەتێکن، بۆیە ناوچەکە (رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) بە خراپترین ناوچە هەژمار دەکرێت لە رووی سەقامگیری و ئارامییەوە و، هەروەکو (رالف بیترز)ی جەنەراڵی ئەمریکی کە سنوورەکانی بە (سنوری خوێن) ناوزەدەی دەکات، هەر بۆیە بیر لە هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتننامەی سایکس پیکۆ کراوە و، نەخشەیەکی تازە لە ئارادایە بۆ داڕشتنەوەی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوین، بە شێوەیەك کە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان مافەکانیان تێدا بەرجەستە بێت. بگەڕێینەوە سەر باسی عێراق و ١٠٠ ساڵ داگیرکردنی خاکی باشووری کوردستان، ئێمە گەر وەکو کورد چاوپۆشی لە مێژووە خوێناوییەکەی کوردستان بکەین کە عێراق بەرامبەر بە کوردستان ئەنجامی داوە، لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە کە پەیوەندیی کوردستان لەسەر بنەمای فیدراڵی و پاراستن و رێزگرتن لە مافی تاك و نەتەوەکانی دیکەی عێراق و، لەسەر بنەمای هاوبەشی (الشراکة الفعلیة) لە بەڕێوە بردنی عێراق و، رێزگرتن لە هاووڵاتیبوونی میللەتانی دیکەی عێراق لە رووی زمان وکەلتوور و ئایین وئایینزایی بنیاد نرا و، دەستوری ساڵی ٢٠٠٥عێراقی یەکگرتوو بە زەمانەتی بنەڕەتی یەکپارچەیی خاکی عێراق هەژمار دەکرێت، کورد و سوننە و شیعەش لەسەر بنەمای ئەم دەستوورە رازی بوون کە لە یەك وڵاتی فیدراڵی هاوبەشدا بژین، بەڵام حکومەتی عێراق بەرامبەر بە پێکهاتەکانی دیکە پابەندی ماددە و بەندەکانی دەستوور نەبووە و، تاکلایەنانە دەستووری عێراقی لەکارخست، لە کۆی(١٤٤) ماددەی ئەم دستوورە ٥١ماددەی کاری پێ ناکرێت، ماددەکانی دیکەیش بە نیوەچڵی و بەپێی بەرژەوەندیی گروپێك کارا کراوە و جێبەجێ دەکرێت، ماددەی (١٤٠) کە ماددەیەکی هەرەگرنگی دەستوورە کارانەکرا و بە نیوەچڵی لەکارکەوت، زۆر مافی هەرێمی کوردستان هەبوو کە لێی بێبەشکراوە و پێشێلکردنی دەستوورە لەلایەن عێراقەوە بۆ نموونە:

١. حکومەتی عێراق بڕیاری بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستانی دا، هەرێمی کوردستان لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤ دەستی کرد بە هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوت، ئەمە مافێکی رەوای خەڵکی کوردستانە و بەبێ هیچ پاساوێکی رەوا لیێ زەوت کراوە.

٢. حکومەتی عێراق لە ساڵانی رابردوودا و پێش بڕینی بودجە هەوڵی دواخستن و تەگەرەخستنە پێش ناردنی بووجەیان داوە، بوودجەی بە چەند سولفەیەك رەوانەی کوردستان دەکرد، لە کۆتایی ساڵدا بڕەکەی نەدەگەیشتە ١٠٪ی بوودجەی گشتی عێراق،

**عێراق تاکلایەنە دستووری پێشێلکردووە و رێزی لە مافەکانی هەرێمی کوردستان نەگرتووە، هێشتا بە چاوی هاووڵاتی پلە دوو سەیری هاووڵاتیانی هەرێم دەکات، ئەمانە هۆکاری ئەوەن کە کوردستان و سەرۆک بارزانی بیر لە رێگا چارەی دیکە بکەنەوە بۆ دەربازبوون لەم نەهامەتی و ناداد پەروەرییەی عێراق بەرامبەر بە کوردستان**



**ئەڤین عمر دەلۆ**
مامۆستای زانکۆ و پەرلەمانتاری خولی سێیەم

بۆ گوڵان نووسیویەتی

هەرچەندە دەبوایە ١٧٪ی بودجەی گشتیی عێراق بدرایە بە هەرێمی کوردستان.

٣. لەبەرامبەر پارەی گومرگ و باج و رسومات کە دەبوایە رەوانەی عێراق بکرێت، ساڵانە لیژنەی وردبینییان دەهاتە کوردستان و بە وردی حیساباتی خۆیان ئەنجام دەدا،،ئەو بڕە پارەیەی لەم بوارە بەرهەم دە هات (مقاصة)ی پێ دەکرا لە بوودجەدا، واتا ئەو بڕە پارە لە بوودجە دەبڕا.

٤. حکومەتی عێراق هەر لە سایەی ئەم دەستوورەدا ئیلتیزامە مادییەکانی بەجێ نەگەیاند بەرامبەر هێزی پێشمەرگە کە بەپێی دەستووری عێراقی بەشێکە لە هێزی بەرگری عێراقی.

٥. حکومەتی عێراق بەشە دەرمان و خۆراکی هەرێمی کوردستانی کەمکردەوە کە پێویست بوو وەکو خۆی رەوانە بکرێت، چونکە هەرێم زیاتر لە ملیۆنێك و هەشت سەد هەزار پەنابەری لە خۆ گرتووە، ئەوەش پاش ئەوەی عێراق دەرگای بە رووياندا داخست و نەیهێشت بچنەوە بەغدا، بەڵام هەرێم دەرگای بە روویاندا کردەوە و هاوکاری وخزمەتگوزاریشیان پێشکەش دەکات.

٦. هەروەها بێبەشکردن و پشتگوێ خستنی هەرێمی کوردستان لەو قەرزانەی کە سەندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی بە عێراقی دەدات بۆ ئاوەدانکردنەوە.

٧. بێبەشکردنی هەرێم لە وەفد و کۆڕ وکۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان کە بەپێی دەستووری عێراق دەبێت هەرێم بە شێوەیەکی فەرمی بەشداربێت و نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان بکات.

٨. کوردستان و هێزی پێشمەرگە لە هەموو ئەو یارمەتییە سەربازییانەی کە رەوانەی عێراق دەکران بۆ شەڕی (داعش) بێبەشکرابوو، بەڵام هێزی پێشمەرگە بە چەك و تەقەمەنییەکی کەم و سووکەوە توانییان بەرگری لە خاکی کوردستان بکەن و داعش لە سەر دەستی ئەوان شکستی خوارد، ئەمە بووە سەروەرییەکی گەورە بۆ میللەتی کورد و، ناوبانگی هێز وگەلی قارەمانی پێ بەخشرا.

٩. قوتابیانی کوردستان بەدەرنەبوون لەم بێبەشکردنە، حکومەتی عێراق قوتابیی کوردستانی لەسەر بوودجەی عێراق نەدەنارده دەرەوە بۆ خوێندن و تواناسازی، تەنیا بۆ خۆیان بوو و هەرێمی لێ بێبەشکرابوو.

ئەمانەو چەندین بەڵگەی دیکە کە عێراق تاکلایەنە دستووری پێشێلکردووە و رێزی لە مافەکانی هەرێمی کوردستان نەگرتووە، هێشتا بە چاوی هاووڵاتی پلە دوو سەیری هاووڵاتیانی هەرێم دەکات، ئەمانە هۆکاری ئەوەن کە کوردستان و سەرۆك بارزانی بیر لە رێگا چارەی دیکە بکەنەوە بۆ دەربازبوون لەم نەهامەتی و نادادپەروەرییەی عێراق بەرامبەر بە کوردستان، پاش ئەوەی کورد و سەرکردایەتیی کوردستان توانیویانە بیسەلمێنن کە کورد دەتوانێت لە رووی سیاسی و دیبلۆماسی و سەربازییەوە خۆی لە عێراقێکی شکستخواردوو باشتر بەڕێوە بەرێت،، بۆیە دەرهاویشتە دەرەکی و ناوخۆییەکان زۆر گونجاوو لەبارن بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان، هەلێکی لەم شێوەیە بە ئاسانی دووبارە نابێتەوە کە کورد ئەم پرسە دوابخات، ئەو پڕوپاگەندانەی کە دەکرێن بۆ ترساندنی خەڵکی کوردستان لە پاش سەربەخۆیی، هەموویان تەنیا بۆ پاشەگەزبوونەوەو و ترساندنی خەڵکە و لە بەرژەوەندیی دوژمنان و نەیارانی کورددان، هەڵبەتە بازرگانێکی گەندەڵی خۆفرۆش دەزانێت بە دروست بوونی دەوڵەتی کوردی بەرژەوەندییەکانی ئەو، ژێر پێ دەکەوێت و بەرژەوەندیی گشتی سەردەکەوێت، دەرگای دادگای لێ واڵا دەبێت، بۆیە بە شێوازی جۆراوجۆر پڕوپاگەندە دژی ئازادیی میللەت دەکات، ئیستا دەرفەتێکی لەبار هەڵکەوتووە و نابێت ئێمەش ئەم دەرفەتە لەدەست بدەین، ئەو دەرفەتە زێڕینەمانە بۆ هەڵکەوتووە و لەدەستدانی کارەساتێکی مێژوویی دەبێت کە لەوانەیە ١٠٠ساڵی دیکە بۆمان دروست نەبێتەوە.

**ئیستا دەرفەتێکی لەبار هەڵکەوتووە و نابێت ئێمەش ئەم دەرفەتە لەدەست بدەین، ئەو دەرفەتە زێڕینەمانە بۆ هەڵکەوتووە و لەدەستدانی کارەساتێکی مێژوویی دەبێت کە لەوانەیە ١٠٠ ساڵی دیکە بۆمان دروست نەبێتەوە**

# چاکسازی لەحکومەتدا وەک فاکتەرێک بۆ سەربەخۆیی

ئەمرۆ بۆ ئێمەی گەلی کوردستان کە لە بەردەم هەنگاوێکی گەورەی وەك ریفراندۆمداین بەرەو سەربەخۆیی کوردستان، ئەنجامدانی چاکسازیی بەپەلەو بە هەنگاوی گەورەو خێرا بۆتە ئەرکێك کە چیدی ناکرێت دوابخرێت، چونکە چاکسازییە هەنووکەییەکان فاکتەری گرنگن بۆ هاندانی هاووڵاتیان بۆ دەنگدان بە (بەڵێ) لە ریفراندۆمی داهاتوودا.

دیارەو بەڵگەنەویستە کە سەرهەڵدانی کێشەو قەیران لە ماوەی فەرمانڕەوایی هەر حکومەتێکدا شتێکی چاوەڕوانکراوەو دەیان نموونەی بەرچاویش لە رابردوو تا ئێستاش هەن کە شایەدی بۆ ئەو قسەیە دەدەن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە جیاوازیی مامەڵەکردنە لەگەڵ قەیراندا، چونکە کاتێك حکومەتە جیاوازەکان تووشی هەمان قەیران دەبن، دەبینین هەندێکیان خۆڕاگرانە بەرگەی دەگرن و هەڵدەستنەوە، هەندێکیشیان شکست دێنن لە بەرەنگاربوونەوەیدا.

بۆیە ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بەپێویست دەزانم و دەکرێت لە ئێستادا حکومەت کاری خێرای لەسەر بکات:

١. بنیادنانەوەی پردی متمانە لەنێوان حکومەت و خەڵکدا وەك بەردی بناغەی هەر رێگەچارەیەك.

٢. پێداچوونەوە بە خشتەی نوێی مووچە.

٣. خۆ دوورگرتن لە کات بەفیڕۆدان و دواکەوتن لە ئەنجامدانی چاکسازی.

٤. دامەزراندنی ئەنجومەنی هاوبەش بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

٥. سوودوەرگرتن لە ئەزمونی هاوشێوەی وڵاتانی دی کە بە هەمان قەیراندا تێپەڕبوون.

٦. دۆزینەوەو کۆکردنەوەی قەرزەکانی حکومەت لەسەر کەرتی تایبەت و هاووڵاتییان.

٧. بەشدارپێکردنی هاووڵاتیان لەهەڵگرتنی بەشێکی بەرپرسیارییەتییەکان.

٨. زیندووکردنەوەی ئابووریی کشتوکاڵی.

٩. پەرەپێدانی چەمکی گەشتوگوزاری ژینگەیی و ئایینی.

١٠. بووژاندنەوەی ئابووریی گوندو لادێ.

١١. راستکردنەوەو چاککردنی پەیکەری ئیداری و رزگاربوون لە رۆتینی ئیداری.



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت

١٢. گۆڕینی شێوازی دامەزراندنی کارمەندان لە تەزکییەوە بۆ ئەنجومەنی راژە.

١٣. گێڕانەوەی پێگەی شایان بۆ کاری راوێژکاری.

١٤. پەیڕەوکردنی سیاسەتی بەتایبەتکردن (الخصخصة)ی هەندێك لە سێکتەرە خزمەتگوزارییەکانی وەك شارەوانی و ئاو و کارەباو گواستنەوەو گەیاندن.

١٥. دەرچوون لە ئابووریی بەکاربەرەوە بۆ ئابووریی وەبەرهێن .

١٦. پێدانی هەل بە کارتی تایبەتی بەرپرسیار و بەشدار لەپەرەپێداندا.

١٧. گواستنەوەی زۆرێك لە چالاکییە بازرگانی و پیشەسازییەکان بۆ کەرتی تایبەت.

١٨. دابینکردنی ئاسایشی خۆراك و پیشەسازییە خۆراکییەکان.

١٩. دامەزراندن و کاراکردنی رێکخراوەکانی تایبەت بە پاراستنی مافی بەکاربەر.

٢٠. کۆبوونەوەی خولیی لەنێوان حکومەت و دەزگا میدیاییەکاندا بە مەبەستی خستنەڕووی راستییەکان و شەفافییەت لەهەواڵ و راپۆرتە شیکارییەکانی میدیادا.

ئەم پێشنیارو راسپاردانە زۆر ئاسانن لە جێبەجێکردندا ئەگەر ئیرادەی بەهێز هەبێت بۆ بەگەڕخستنی، چونکە ئەم راسپاردانە زیاتر لە واقیعی خۆمان و نێوخۆمانەوە نزیکن و رەچاوی زۆرێك لە رەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارییان تێدا کراوە، بۆیە ئێمە لەم کاتە هەستیارەدا زیاتر پێویستیمان بە چاکسازیی خێرایە بۆ ئەوەی چاکسازیی بینراو ببێتە فاکتەری هاندانی هاووڵاتییان بۆ زیاتر بەدەمەوەهاتنی پرۆسەی ریفراندۆم و هەنگاوانی بەدڵنیایی و متمانەوە بەرەو سەربەخۆیی کوردستان.

هیوادارم بە هەموومانەوە بتوانین ئەم قۆناغە تێپەڕێنین بەرەو ئاسۆیەکی گەشتر و بە سوودوەرگرتن لەم قەیرانەش زیاتر و وردتر لە بیری ئایندەو داهاتوومان بین لە رووی دارایی و ئابوورییەوە، بەتایبەت لە سەردەمێکدا کە سەرکەوتنی ئابووری ئاسانکاری دەکات بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانی هەر وڵات و هەرێمێك.